زانست

زانست



مامۆستا مەلا بەهای بیارە

1878 - 1949 ز

خانەقای بیارە

بسم الله الرحمن الرحيم


- ناوی کتێب: ژیاننامەی مامۆستا مەلا بەهای بیارە
- ناوی نووسەر: د. عومەر عەبدولعەزیز
- بابەت: مێژووی کەسایەتی
- تایپکردن: ڕێکخراوی زانست
- دیزاینی ناوەڕۆك: ڕێکخراوی زانست
- نۆبەو ساڵی چاپ: دووەم ، ٢٠١٧ز
- له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (١٠١٨)ی ساڵی (٢٠١٦ز)ی پێدراوە



- مافی چاپ و لێگرتنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

# ژیاننامەی

# مامۆستا مەلا بەهای بیارە

# ( ١٨٧٨ک - ١٩٤٩ ز )

د. عمر عبد العزيز

١٤٣٨ ك / ٢٠١٧ ز

چاپی دووەم

﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ
وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾

المجادلة: ١١

# ناوەرۆك

بابەت　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　لاپەڕە

---


**پێشەكی** ........................ ٩

## بەشی یەكەم

شارۆچكەی (بیارە) مەڵبەندی زانستو عیرفان ........ ١٣

تیشكێك لەسەر مێژووی شارۆچكەی بیارە ........... ١٥

ژمارەیەك لەو زانایانەی كوردستان كە لە بیارەدا بوون.. ٢٠

(بیارە) ژوانی كۆڕی زانستو شیعرو عیرفان ............. ٢٢

(بیارە) لە چەند شیعرێكی مامۆستا مەلا كەریم دا .... ٢٧

(بیارە)و مەلا بەها لە چامەیەكی د. سراجەددینیدا ..... ٢٩

سەبارەت بە كتێبخانەی (بیارە)و دەستنووسەكانی .. ٣١

(بیارە) لە چامە شیعرێكی عەرەبیدا ................. ٣٥

## بەشی دووەم

پوختەیەك لە ژیاننامەی مەلا بەها و ئاكارەكانی ..... ٣٧

بنەماڵەی مامۆستا مەلا بەهاو لەدایكبوونیو خوێندنی ٣٩

ڕادەی خوێندەواریو توانای زانستیی مەلا بەها ..... ٤٧

مەلا بەهاو بەسەرهاتی دوكانەكانی خانەقای بیارە ٥٠

مەلا بەهاو نووسینەوەی وەصیەتنامەی شێخ عەلادین ٥٥

فتوایەكی مەلا بەهای بیارە، دەربارەی

تاپۆكردنی زەویو زار لە سنوری (سواد العراق)دا ... ٥٥

پاراستنی نەسەبی شێخ عوسمان سراج الدین‌و
شێخ عومەری کوڕی ........................ ٦١
عیرفان‌و خواناسیی مامۆستا مەلا بەها ............ ٦٣
ڕێزگرتنی مەلا بەها لە ئافرەت‌و مافەکانی .......... ٧١
مێژوونامەی مەلا بەها .............. ٧٣
حەقبێژیی‌و کاریگەری‌و هەیبەتی مەلا بەها ........ ٧٧
ڕێزو پلەو پایەی مەلابەها
لای شێخ عومەری (إبن القرداغی) .............. ٨٥
ڕێزو خۆشەویستیی شێخ عەلادین بۆ مەلا بەها .... ٨٨
نامەیەکی شێخ عەلادین بۆ مامۆستا مەلابەهاو
مامۆستا مەلا کریمی مودەڕڕیس ............... ٨٩
وەفاتی ئەحمەدی کوڕی مەلابەهاو
دەرسێکی عاریفانە ..................... ٩١
مەلا بەها و بەسەرهاتی گۆڕهەڵکەندن بۆ خۆی ..... ٩٩
کۆچی دوایی مامۆستا مەلا بەها ............. ١٠١
منداڵ و نەوەکانی مامۆستا مەلا بەها ............ ١٠٤
**کۆتایی** ................... ١٠٩
**بەشی وێنەو بەڵگەنامەکان** ............ ١١١

# پێشەکی

نوو سینەوەی ژیاننا مەی کە سایەتییە نا سراوو بەخزمە تەکانی میللەتەکەمان، ئەرکێکی گەورەو پێویستە. بەداخەوە لە کوردەواریدا دیاردەیەکی نەخوازراو هەیە، کە کە سایەتیو زا ناو هەڵکەوتووانمان لەکاتی ژیانی خۆیاندا وەك پێویست ئاوڕیان لێ نادرێتەوە، بەتایبەتی مەلاو زانایان، کە گەورەترین خزمەتیان بە مێژووی نەتەوە کەمان کردووە، ئەو پیشەیەی کە تەواوی تە مەنی دا گیر کردوون، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە زور بەیان بۆ خۆ یان نەیانپەرژێتە سەر ئەوەی بیرەوەر ییو ژیاننا مەی خۆ یان بنو سنەوە، بگرە ئەرکەکەیان ڕێگر بووە لەوەی زاز ستەکەیان بخە نە سەر کا غەزو، کتێب تەئلیف بکەن. هەر چەند بە وانەوتنەوەو گەیا ندنی زاز ستەکەیان، دە یان دا نەری کتێبو نوو سەرو شاعیرو ئەدیبی گەورەیان بۆ دوای خۆ یان پێ گەیا ندووە. هەروەك هەڵکەوتووی گەورەی کورد (محمد فيضي الزهاوي) گوزارشتی لەم حاڵەتە لەخۆیدا کردووەو گوتوویەتی:

عاق تدريسى عن التأليف لكن    ما أنا من فضل ربي متأسف

من تلاميذي ألفت كتابا         كل سطر منه في العلم مؤلف[1]

كاتێكيش ئەم كە سايەتييانە لە دونيا دەرچن‌و كۆچ دە كەن، درەنگانێك بیر دەکەونەوە، كاتێك كە زۆربەی لا پەڕەكانی ژیانیان لەبیر دەچنەوە، چونكە هاوتە مەنانیان نامێنن‌و زانیاریەكان لە گەڵ خۆیان دەبەن، بۆیە دواتر پەنادەبرێتە بەرگوێزانەوەی قسەی دەماودەم، كە ئەوەش بۆ خۆی كۆمەڵێك گرفتی مەنهەجی‌و زانستیی لەگەڵدایە.

مەلا (بهاء الدين)– ناسراو بە (مامۆستا مەلا بەهای بیارە)– نمونەیەكە لەو زانا گەورەو عاریفە ناسراوانەی ناوچەی هەورامان، كە زیاتر لە ٦٥ ساڵە كۆچی دوایی كردووە، بەڵام تا ئێستا نە لەلایەن ئێمەی بنەماڵە یەوە، نە لەلایەن دۆستانی‌و هاو چەرخانی یان قوتابیەكانیەوە، كتێبێك لە سەری نەنوسراوە، جگە لە چەند پەرەگرافێك كە مامۆستا مەلا كەریمی مودەڕڕیس لە كتێبەكانیدا لەسەر ناوبراو نوسیونی.

[1] محمد فيضي الزهاوي، محمد علي القره داغي، هەولێر، ئاراس، ٢٠٠٤، ص: ١١.

مامۆستا مەلا بەها زۆربەی تەمەنی لە شارۆچکەی (بیارە)ی سەر بە قەزای هەڵەبجە لە کوردستانی عێراق بەسەر بردووەو لە خزمەتی مزگەوتو حوجرەو خانەقاو مەدرەسەی بیارەو قوتابیو فەقێکانی ئەو شارۆچکەیەدا بووە.

لەم پوختە ژیاننامەیەدا– بە پشتیوانی خوا– تیشکێك دەخەمە سەر بەسەرهاتی ژیانیو ژیانی زانستییو ڕادەی خواپەرستییو، بەشێك لە تایبەتمەندییو ئاکارە بەرزەکانیو خزمەتەکانی، بە هیوای زیندووڕاگرتنی مێژووی ئەو زانا گەورانەی کە سەروەرییان بۆ گەلی کوردو ڕەوتی زانستخوازیی لە کوردستاندا تۆمار کرد. بەو هیوایەی نەوەی هاوچەرخمان ئاشنا بن بە پێشینانو نەخشێنەرانی مێژووی پڕ سەروەریی گەلی موسڵمانی کورد، کە لە ڕابردووی دوورو نزیکدا زانایانیان پێشەنگی زانستو، ڕابەری عیرفانو خواناسییو، پێشەوای خەباتو تێکۆشانی دڵسۆزانە بوون بۆ ئاینو خاكو میللەتیان.

مامۆستا مەلا بەهای باپیرمان، دە ساڵ پێش ئەوەی بە ندە بێمە دونیا – واتە لە ساڵی (١٩٤٩ن)دا– کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ئەم زانیارییانەی کە لە بەردەستدان لەوکەسانەوە وەرگیراون کە بە خزمەتی گەیشتوون، بە تایبەتی مامم (مامۆستا مەلا محمدی گەورەی

خورمالێ)و، ئامۆژنم ( خاتوو رابعەی خێزا نی مامۆ ستای خور ماڵ)و، باوكم (مەلا عەزین)و، (مامۆ ستا مەلا كەریمی بیارە)و، هە ندێ لە كەسایەتییە بەتەمەنەكانی شارۆچكەی (بیارە)و گوندی (دزاوەر) یان (زاوەر)، هەروەها چەند سەر چاوەیەكی تر كە لە پەراوێزەكا ندا ئاماژەم پێ كردوون.

لە كۆ تایی ئەم پێ شەكییەدا دە ڵێم: بەدا خەوە (مامۆ ستا مەلا بەها)ش –وەك زۆرێكی تر لە ڕابەرانمان– لە ژیانی خۆیاندا ئاوڕیان لێ نەدراوە تەوەو بە سەرهاتی ژیاذ یان تۆ مار نەكراوە، بۆ یە زۆر بەی لاپەڕەكانی ژیاننامەیان لە بەردەستدا نین.

عومەر عەبدو لعەزیز

كوڕەزای مەرحوم مەلا بەهای بیارە

١٤٣٧ كۆچی/ ٢٠١٥ زاینی

# بەشی یەکەم

## شارۆچکەی (بیارە)، مەڵبەندی زانستو عیرفان

- تیشکێك لەسەر مێژووی (بیارە)و مەدرەسەو خانەقاکەی
- (بیارە) لە چەند شیعرێکی مامۆستا مەلا کەریمدا
- سەبارەت بە کتێبخانەی (بیارە)و دەستنووسەکانی

خۆشە بیارە لە ڕووی هەورامان

مەنزڵگەی یارە، سەر تا بەدامان

بەهەشتی ئەرزە، گوڵو گوڵزارە

بێنی، دەرمانی دەردو ئازارە

بێستانو باخەو درەختی بەبەر

شۆڕەبیو چنار، بە وێنەی عەرعەر

سەرووی سەرسەوزو نەمامی نەوتووڵ

بە سروەی شەماڵ دێنە جمو جووڵ

دەڵێی قەتارەی دۆستو دڵدارن

بۆ دەست لەملان موشتاقی یارن

شنەی وەنەوشەی کە ئەدا لە دڵ

دڵ بۆنخۆش ئەبێ وێنەی پەڕەی گوڵ

کە دێن بە یەکا گوڵی ڕەنگامە

سەوزو زەردو سوور، وێنەی شەمامە

دێتە بەرچاوت وەرەق بە وەرەق

بەرگی سوندوسو کاڵای ئیستەبرەق

ئامان! نشینگای یارانی سامی

فەرامۆش مەکەن ئەحواڵی (نامی)

**(مامۆستا مەلا کەریمی بیارە)**

## تیشکێك لەسەر مێژووی شارۆچکەی بیارە

پێش ئاشنابوون بە (مامۆستا مەلا بەها)و بەسەرهاتی ژیانی، پێویستە شتێك لەسەر شارۆچکەی (بیارە) لە ناوچەی هەورامان بزانین، کە لە سەردەمانێکدا بە (ئەزهەری کوردستان) ناو دەبرا، بەو پێیەی کە مەلا بەها بە درێژایی زیاتر لە پەنجا ساڵ، پێشنوێژی خانەقاکەی‌و سەرحەلقەی کۆڕی زیکرو تەهلیلەو مودەرریسی قوتابخانە شەرعییەکەی بووە.

ناحیەی (بیارە) شارۆچکەیەکی دڵگیرو ڕازاوەی هەورامانی بە شە با شوری کورد ستانە، (٨٠) کیلۆ مەتر ڕێ گا لە شاری سلێمانییەوە دوورە. سەر بە پارێز گای هەڵەبجە یە، لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردووە قوتابخانەی قۆ ناغی سەرەتایی تێدا کراوە تەوە، ساڵی (١٩٥٦ ز) شارەوانی بۆ دا نراوەو شێخ ناجی کوڕی شێخ عەلادین یەکەم سەرۆکی شارەوانییەکەی بووە.

شارۆچکەی بیارە لە شەڕی عێراق ـ ئێراندا کاول کرا، خەڵکە کەی ڕاگوێزران‌و ماڵ‌و خانوو قوتابخا نەو مز گەوت‌و خانەقا کەی خاپوور کران‌و ڕەزو باخ‌و بێستانەکانی سوتێنران.

(بیارە) ناوەندێکی ئیسلامیی زۆر دێرینە، دروستکردنی مزگەوت تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەیشتنی ئیسلام بە ناوچەکە، بۆیە

مزگەوتێك لەناو شوێنی گوندە دێرینەکە هەیە کە بە (مزگەوتی ناودێ) ناوبانگی دەرکردووە، دەماودەم وا هاتووە کە لەگەڵ مزگەوتە دێرینەکەی شارۆچکەی (خورماڵ) لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە بۆ کوردستان دروست کراوە.[٢] لە تەنیشت ئەو مزگەوتە گۆڕی کەسایەتییەکی خواناس لەدێر زەمانەوە لەوێیە بەناوی (شێخ محەممەدی شامی)، کە گوایە لە شوێنی خۆیەوە بەپێ هاتووە، تا شارۆچکەی بیارە.[٣] جگە لەوە خانەقایەکی دێرینو گۆڕی چەندین کەسایەتیی گەورە لە زانایانو شێخانی تەریقەتی نەقشبەندیی تێدایە، لەوانە: شێخ عومەرو (شێخ علاء الدین)و چەندین شێخی تر لەو بنەماڵەیە، کە ژیانیان لە خزمەتی خانەقاو عیرفانو حوجرەو فەقێیاندا بەسەر بردووە.

شێخ عومەری بیارە– ناسراو بە (ضیاء الدین) – لە نێوان ساڵانی (١٢٥٥–١٣١٨ك)، بەرامبەر (١٨٣٩–١٩٠٠ز) ژیاوەو بە دامەزرێنەری تازەو نوێکەرەوەی قوتابخانە زانستییەکەی بیارە دەژمێردرێ. ئەو سەرەڕای عیلمو عیرفانەکەی، کەسێکی زیرەكو بەتواناش بووە، زۆر

---

[٢] لەناو خەڵکی زۆرێك لە ناوچەکانی کوردستان ـ بەتایبەتی هەورامان ـ دا، ئەوجۆرە مزگەوتە دێرینانە بە مزگەوتەکانی (عبداللەی کوڕی عومەر) ناسراون، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە ئەوە نەسەلماوە، چونکە ناوبراو نەهاتووەتە کوردستان.

[٣] بڕوانە: (دلیل الجوامع والمساجد التراثیة والأثریة)، دیوان الوقف السني في العراق، ص: ٢٨٩.

بەعیززەتو بە شەهامەت بووە. مەشهورە کە (ناصر الدین) شای قاجار –شای ئەوکاتەی ئێران– (١٨٣١–١٨٩٦ز)، نامەیەکی بۆ دەنوسیۆ دەرماڵەو یارمەتییەکی بۆ دەبڕێتەوە. بەڵام شێخ عومەر بە شیعرێکی مێژوویی وەڵامی شای ئێران دەداتەوە. مێژوونووسی گەورە (عەباس عەزاوی) دەڵێت: "شێخ عومەری هەورامانی صولحی کرد، نێوان هۆزەکانی لەگەڵ ئێران چاك کرد، بۆیە (شا) هاوکارییەکی بۆ بڕییەوە، بەڵام بە تەلەگراف وەڵامی دایەوەو عوزری هێنایەوە کە دیارییەکەی (شا) قبولڵ ناکات، بە تەلەگراف بە شای ئێرانی وت:

ما آبروی فقرو قناعت نمی بریم

أی (تل) بگو به شاه که روزی مقدّر است

واتە: ئێمە (بەو کارە) ئابڕووی هەژاریی و قەناعەت نا بەین. ئەی (تەل) بە پا شا بڵێ: کە ڕزقو ڕۆزیی لەلا یەن خواوە بڕیار دراوەو بڕاوەتەوە.[٤]

بەداخەوە لە سەرچاوەیەکی مێژوویی زانستیو جێی متمانەوە ئەو زانیارییەمان دەست ناکەوێت کە سەرەتای مێژووی دێرینی شارۆچکەی (بیارە) - بەتایبەتی مزگەوتو مەدرەسەکەی - چۆنە؟ بەڵام بەلای

---

[٤] موسوعة عشائر العراق، عباس العزاوي، المدار العربية، بيروت، ٢٠٠٥م، ٤/١٠٧. هەروەها: دیوانی محمد صادقی حوسەینی، سنندج، پرتویان، لا: ٣٦، بە کەمێك جیاوازییەوە، کە ئەوەی عەزاوی دروستترە.

هەندێ لە مێژوونوسانەوە مێژووی شارۆچکەی بیارەو قوتابخانەو حوجرە زانستییەکانی، دەگەڕێتەوە بۆ هەزار ساڵ پێش ئێستا.[٥]

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە، مامۆستا مەلا کەریمی بیارە دەڵێ: "بیستوومانە مامۆستای گەورە –(مەلا عبدالقادر) مودەڕریسی بیارە– فەرموویەتی: بەرەی مەلا برایمی بیارە بیستو پێنج پشتیان لە بیارەدا مەلا بوون، جا ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەبێت نزیکەی (٨٠٠) ساڵ ئەو بنەماڵەیە لە بیارەدا بەردەوام بووبن، بەو پێیە کە مەلای بیارە لە مێژووی ١٣١٠ کۆچی، ١٨٩٢ز ئەو قسەیەی کردووە، ئەبێت لە ٧٠٠ کۆچی، ١٣٠٠ زاینییەوە تا ئەو چەرخە کە مەلای گەورە ئەو قسەیەی فەرمووە، هۆزی مەلا برایم لە بیارەدا بووبن.." [٦]

سەبارەت بە خانەقای (بیارە)، مامۆستای مودەرریس لەنامەیەکیدا دەڵێت: "ئەم خانەقایە لە ساڵی هەزارو سێصەدو حەوتی هجری (١٣٠٧ ك)دا لە قەراخی چەمی (بیارە)دا دروست کراوە. وەستاکەی وەستا ڕەحیمی بیارە بووە، شێخ (ضیاء) –مەبەستی شێخ عومەر (ضیاء الدین)ە– وەکو شاگرد لەگەڵیا مەشغوڵی بووە، هەتا خانەقا

---

[٥] فهرست مخطوطات مكتبة أوقاف السليمانية، محمود أحمد، ١٤/٢ .

[٦] بنەماڵەی زانیاران، مەلا عبد الكريم مدرس، ٤٢١ . د. عماد عبد السلام رۆف لە کتێبەکەیدا (مراكز ثقافية مغمورة في كوردستان)، ص ٤٦، ئەم قسەیە لە زمانی خودی مەلا ئیبراهیمی بیارەیی دەگێڕێتەوە.

تەواو بووە. وە بەرامبەر دالآنی خانەقا دوو حوجرە هەن، حوجرەی ئەمامیی، بۆ دانیشتنی شێخ بووە، پاش ماوەیەك تەلەبە دانیشتوون تیایا. وە حوجرەی خەلفیی، حوجرەی مامۆستا شێخ حەیدەر بوو تا وەفاتی کرد لە هەزارو سێصەدو پەنجاو سێی هیجریدا. وە لەسەر دالآنی خانەقا چوار حوجرە بوون، یەکێ بۆ مودەرریس، یەکێ بۆ تەلەبە، ئەمانە حوجرەی ئەمامیی بوون، حوجرەیەکی خەلفیی بۆ تەلەبە، حوجرەیەکی بچوك لەسەر پلیکانەی سەرکەوتن. لە غەربی خانەقاوە حوجرەیەکی درێژ بۆ موفتی ضیاءالدینو ئەولادەکانییەتیو تا تەواوکردنی ئەم خانەقایە تەلەبەو مودەرریس لە مزگەوتی ناوەوەی (بیارە)دا بوون."[٧]

گرنگ ئەوەیە شێخانی تەریقەتو ژمارەیەك لە مەلاو زانا شارەزاو ناودارەکان، ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە زیندووکردنەوەی قوتابخانە شەرعییەکەی بیارەدا لە مێژووی هاوچەرخدا. لەم بارەیەوە مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی دەڵێت: "شێخ عەلادینی بیارەو مەلا بەهادینو مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەرریس، بەجارێ مەدرەسەی دینیی بیارەو خانەقای بیارەیان ئاوەدان کردەوەو وەهایان لێکرد کە بیارە بە ناوبانگی (بیارەی شەریفە)ەوە دەناسرا.."[٨]

---

٧ نامەکانی مامۆستا مەلا کەریمی مودەرریس، د. عدنان عبد القادر.

٨ مێژووی هەورامان، محەممەد ئەمین هەورامانی، چوارچرا، ٢٠١٦، ١/٤٤٤.

## ژمارەیەك لەو زانایانەی كوردستان كە لە بیارەدا بوون

لەو قوتابخانەیەی (بیارە)دا بەردەوام (١٠٠) تا (١٥٠) فەقێ لە هەموو ئا ستەكانداو لە هەموو ناو چەكانی كورد ستانو تەنا نەت دەرەوەی كوردستانیشەوە، خوێندوویا نە. بۆ یە تەنها لەم دوو سەدەیەی دواییدا ژمارەی ئەو زاناو مەلاو ناودارانەی لەو زانستگایەدا دەرچوون، یان خوێندوویانە، بە سەدان دەخەملێنرێن. لەوانە دەكرێ ناوبەرین لە كەسانێكی وەك: مەلا ئیبراهیم بیارەیی، مەلا عبد القادری كانی كەوەیی، مەلا محمد سعید العبیدی، مەلا قادری سۆفی، مەلا قاسم القیسی موفتی پێشووتری عیراق، مەلا نا صح كەركوكی، مەلا بابا ڕەسوڵ، مەلا عبدالله عبیدی، مەلا رحیم هەوشاری، مەلا بابا شێخ كازاوی، مەلا قادری مەلا موئمین، شێخ مو ستەفا موفتیی هەڵە بجە، مەلا رحیم چرو ستانی، لەم دواییانە شدا: مەلا حسێنی كوڕی مەلا عبدالقادر، مەلا بابا رسول بێدەنی، مەلا شێخ تاهای بالیسانی، مەلا عەبدولكەریمی مودەرڕیس، مەلا بەهای بیارە، مەلا حەمە ئەمینی كانیسانانی، هەروەها ( سالم)ی شاعیر یەكێ كە لە مەلا هەڵكەوتووەكانی ئەو قوتابخانەیە.[٩]

---

٨ مێژووی ئەدەبی كوردی ، عەلائەدین سەجادی، لا: ٣٦٠ .

ئەم ناوا نە تەنها نموو نەن، بەدا خەوە لەو جۆرە مەدرە سانەی کوردستاندا نەبووبووە عادەت کە لیستی ناوی مەلایانی مامۆ ستاو فەقێیانی دەرچوو (مجیز)و (مجاز)ەکان بنووسرێو بپارێزرێ. بۆ یە ئە گەر هەولێکی سەرەتاییو دلّ سۆزانەی مامۆ ستا مەلا کەریم نەبووایە، ناوو ناونیشانی ئەم هێندە کەمەش لە زا نا هاو چەرخەکان نەدەزانرا. بۆنموونە تەنها بەشێك لە ئیجازەدراوانی خۆی  کە زیاتر لە ٥٠ کەس بوون– بەم جۆرە باسی دەکات:

مەلا محمد زاهیدی مەلا صلاح الدین پاوەیی، مەلا عومەر سەردەشتی، مەلا عبد القادر گەلاّلەیی، مەلا سەید بەهادین خورخورپیی، سەید حوسامەددین سەقزی، مەلا قادر شاتری، مەلا سەعید ئەسعەدئابادی، مەلا مەحمود وەیسی، مەلا خدر ئالانی، مەلا خدر ڕانیەیی، مەلا محەممەد کۆماسی، مەلا صالح ژالەناوی، مەلا ئەحمەد کوێرەکی، مەلا مەجید وەلەدبەگی، شێخ محەمەد شێخ ئەحمەد بڕندەیی، مەلا عبدالقادری مەلا عبدالله نەقشبەندی، مەلا سەید عارف، مەلا حەمەمین سەقزی[١٠] .

---

[١٠] بڕوانە وتاری: (مدرسه بیاره والشیخ عبد الکریم بیاره، صفحات ثقافیة من تاریخنا)، نووسینی: محمد علی القرداغي.

## (بیاره) ژوانی كۆڕی زانستو شیعرو عیرفان

جـ گه  له زاذ ستو خوێ ندن، بـ یاره بوو بوه ژوا نی كۆبو نه‌وه‌و پێكگه‌ی شتنی  شه‌یدایانی زاذ ستو عیر فانو  شاعیرو  ئه‌دیبو به‌هره‌مه‌ندان. مامۆستا مه‌لا كه‌ریم بۆ خۆی ده‌ڵێ: "زۆرجار مه‌لایانی ناوچه‌ی ده‌وروبه‌ر– وه‌كو خوا لێخۆشبوو مه‌لا قادری سۆفی، شێخ عه‌بدولكه‌ریمی ئه‌حمه‌د برنده، مه‌لا عه‌زیزی پریس، شێخ ڕه سوڵو شێخ عو مه‌ری هه‌ڵه بجه، مامۆ ستا با ڕه سوڵی عه‌با به‌یلێ، مه‌لا عابیدی بیاوێڵه، مه‌لا عه‌وڵای ده‌ره‌شیشو، مه‌لایانی تر– ئه‌هاتن بۆ بـ یاره‌و ماوه یه‌ك له‌وێ ئه‌ما نه‌وه‌و پا شان ئه‌گه‌ڕا نه‌وه.. هه‌روه‌ها مه‌لایانی ناوچه‌ی سه‌قز، بانه، سنه، هه‌ورامان، مه‌ریوان، سوله‌یمانی، موكر یان، خۆ شناوه‌تی، ڕه‌وا ندوزو پـ شده‌ر، هه‌موو ساڵێ ده سته ده‌سته ئه‌هاتن بۆ بیاره." پاشان ده‌ڵێ:"له به شی زۆری سه‌رده‌می شێخ عه‌لادی ندا له بـ یاره مامۆ ستا مه‌لا به‌ها ئی حامی خا نه‌قاو سه‌رحه‌ڵقه‌ی خه‌تمو ته‌هلیله بوو." [11]

ڕه‌نگه هیچ كه‌س نكوڵیی له‌وه نه‌بێت كه عیشقی بیاره‌و خا نه‌قاو عیرفانه‌كه‌ی بیاره بوو، كه (مه‌وله‌وی تاوگۆزی) یان كرد به‌و گه‌وره شاعیره‌ی كه ئه‌و هه‌موو شاكاره شیعرییه ئه‌ده‌بیو زاذ ستییه به

---

[11] یادی مه‌ردان، مه‌لا عبد الكريم مدرس، ٢/ ٣١٢– ٣١٣ .

زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی لەدوای خۆی بەجێ بێڵێت. یان کە لە شاعیرێکی وەك ( سالم)ی پێ شەنگی قوتابخا نەی شیعری هاوچەرخی کوردی پێشکەش بە سلێمانی، بگرە بە خوێندەوارانی کرمانجی خواروو بکات.

لە شوێنێکیتری ( یادی مەردان)[12] دا مامۆستا مەلا کەریم ناوی هەندێکیتر لە زانایانی مەدرەسەی بیارە دەبات، کە وادیارە هەموویان لە سەردەمی شێخ عومەر ( ضیاء الدین) دا بوون، لەوانە: مەلا مستەفا خورماڵی، مەلا زین العابدین، مەلا ڕەحیمی چروستانی، مەلا فەتاحی خەتێ، مەلا عەزیزی ڕۆغزائی، مەلا مەحمودی بەرلوت، مەلا محمدی جوانڕۆیی، شێخ قاسم القیسی بەغدادی و گەلێکی تر، لە خوێندنگای بیارەدا خوێندوویانە، خوێندنیان تەواو کردووەو ئیجازەیان وەرگرتووە."[13] ئەمە بە پێی بیرەوەریی مامۆستا مەلا کەریم، وە گەرنا دەیان زانای تر هەن کە یان لە بیارە خوێندوویانە، یان مامۆستاو وانەبێژ بوون و بەداخەوە ناویان لەبیر کراوە.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە من بۆ خۆم ڕۆژێك موتالای کتێبی (مێژووی زانایانی بەغدا)م دەکرد کە (یونس سامەرائی) نووسیویەتی، چاوم بە ناوی مامۆستایەکی گەورە کەوت، بەناوی (محمد عمر العزي)

---

[12] هەمان سەرچاوە، ٢/ ٣١٢– ٣١٣.

[13] هەمان سەرچاوە، ٢/ ١٥٩ .

که خەڵکی خۆرئاوای کوردستان بووەو لە بیارە فەقێی ماموستا مەلا بەها بووە، دواتر بۆتە زانایەکی گەورەو ناودار. ناوبراو بە یەکێك لە زاناو سیاسییە هەرە گەورەکانی سوریە دەژمێردرێ، کە دواتر شتێك لەسەر ژیاننامەکەی دەنوسم.

بە هەرحاڵ مەبەستم لەم بە سەرهاتە ئەوە بوو کە خوا ئەزانێ چەندین فەقێی لەم جۆرا نە گەڕاۥ نەوە ولا تانی خۆ یانو بووۥ نە کەسایەتیو زانای هەڵکەوتوو، بەڵام لەبەر دابڕان هیچ زانیاری یەکمان لەسەریان لەبەردەستدا نیە. ! لەم ڕووەوە ماموستا مەلا کەریم دەڵێ: "جار جار فەقێی تورکو عەرەبو تاڵشیی تێدا بوو. بیارەی ئەو سەردەمە – بەش بە حاڵی ئەم کورد ستانی عیرا قە – نیم چە دانشگایەك بوو، لە بەیانی یەوە تا یەك دوو سەعات پاش نوێژی مەغریب، دەنگی دەرسو دەوری فەقێ لە خانەقاو حوجرە کانو سەربانەکان نەئەبڕا، لەوەو پاشیش تا درەنگێ بە بێدەنگیی موتاڵای کتێب ئەکرا." [١٤]

لە شوێنێکی تر لە کتێبی (بنەماڵەی زانیاران) دا دەڵێت: " گەلێ زانای گەورە لەو خوێندنگا یە دەر چوون، کە مە گەر دەفتەرێکی تایبەتیان بۆ دابنرێت. بە کورتی خوێندنگەی بیارە دیمەنێکی بچکۆلەی (جامع الأزهر)ی میسر بوو لە کورد ستانداو شانی داوە لە

١٤ یادی مەردان، مەلا عبد الکریم مدرّس، ١/٣١٣ .

شانی ئەو، لە بڵاوکرد نەوەی زاذ ستو لە خواتر سیداو بنکە یەکی تیشکدەرو ڕوناککەرەوەی وڵات بووە، ئێستەش هەرکەس لەو وڵاتەدا زانا بێو خزمەتی دین بکا، بێگومان پەیوەندیی نزیك یان دووری بەو خوێندنگایەوە هەیە." [15] هەروەها دەڵێت:

"لە سەردەمی مەلا عبدالقادر ـ کە لە نەوەی مەلا ئەبو بەکری موصەننیفی چۆڕییە ـ بیارە مەڵبەندێکی گەورەی خوێندن بووە لە کوردستانداو لە هەموو لایەکەوە فەقێ ڕوویان تێ کردووە. زۆر جار فەقێی (موستەعی) ـ واتە ئەوەی لە دوا قۆناغەکانی خوێندندا یە، مەبەست (مستعدّ)ی عەرەبییە ـ هاتوون لەوێ ئیجازەیان وەرگرتووە. پاشان ناوی بیست مەلای ناودار دە با، تیایا ندا با سی مەلا بەهای دزاوەری دەکات." [16]

بەپێی گێڕانەوەی دەماودەمی پێشینانی بیارەو گەواهیی هەندێك ڕ یش سپیو مامۆ ستاو کە سایەتییەکان، زۆر بەی کات لەو مەدرەسەیەدا فەقێی تاڵشیو ئەفغانیو پاکستانیو لوبنانیو سووری دەیانخوێند.

بە دا خەوە ئەم زاذ کۆ پڕ بەهاو زاذ ستگا دێرینە نە، لە گەڵ هەڵگیر سانی شەڕی ناڕەوای (ع ێراق – ئ ێران)و ڕاگوا ستنی

---

١٥ بنەماڵەی زانیاران، مەلا عبد الکریم مدرس، لاپەڕە ٤١٩ .

١٦ یادی مەردان ، مەلا عبد الکریم مدرس، ٥٢٠/٢ .

گوندەکانی سەر سنووردا، لە ساڵی (١٩٧٩ز)دا دا خراو، بە هۆی تێکچوونی گوزەرانی شارۆچکەی بیارەوە کە لەسەر سنووری ئێرانە، پێچرایەوەو، شارۆچکەکەش لە لایەن ڕژێمەوە وێرانو چۆڵ کرا. بەڵام سوپاس بۆ خوا پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ز کەم کەم شارۆ چکەکە ئاوەدان بووەوەو، بە هیممەتی بنەماڵەی شێخان ئێستا مەدرە سەکە ژمارەیەك فەقێی گرتۆ تەوە خۆیو، ساڵانە دە یان فەقێ خوێندن تەواو دەکەنو ئیجازەی مەلایەتیی وەردەگرن.

## (بیارە) لە چەند شیعرێکی مامۆستا مەلا کەریم دا

ڕەنگە گونجاو بێ لێرەدا چەند شیعرێکی مامۆستا مەلا کەریم دابنێم، کە بە شارۆچکەی (بیارە)دا گوتوونیو، تا ڕادە یەك وێنای سروشتی ئەو سەردەمەی بیارەو مەدرەسەو خانەقاو مەلاو فەقێکان دەکات, چونکە یەکێکە لەو زانا هاو چەرخانەی کە زۆر چێژی لە بیارەو هەورامان وەرگرتووە، بەسۆزی شیعرەکانیشیدا وادیارە پاش دوورکەوتنەوەی لە بیارە چڕیونی، دەڵێت:

خۆشە بیارە لە ڕووی هەورامان
مەنزڵگەی یارە، سەر تا بەدامان
بەهەشتی ئەرزە، گوڵو گوڵزارە
بێنی، دەرمانی دەردو ئازارە
بێستانو باخەو درەختی بەبەر
شۆڕەبیو چنار، بە وێنەی عەرعەر
سەرووی سەرسەوزو نەمامی نەوتووڵ
بە سروەی شەماڵ دێنە جمو جووڵ
دەڵێی قەتارەی دۆستو دڵدارن
بۆ دەست لەملان موشتاقی یارن
شنەی وەنەوشەی کە ئەدا لە دڵ
دڵ بۆنخۆش ئەبێ وێنەی پەڕەی گوڵ

که دێن بە یەکا گوڵی ڕەنگامە
سەوزو زەردو سوور، وێنەی شەمامە
دێتە بەرچاوت وەرەق بە وەرەق
بەرگی سوندوسو کاڵای ئیستەبرەق
ئامان! نشینگای یارانی سامی
فەرامۆش مەکەن ئەحواڵی (نامی)[١٧]

لە وەصفی مەلاو فەقێکانیشدا دەڵێت:

که ڕیزیان ئەبەست لە حوجرەو مزگەوت
ئەتوت سورەییا لە هەوا داکەوت
کە ئەهاتنە سەر بەیانی فنون
ئەتوت ئەمانەن بەچکەی ئەفلاتون
کە ئەهاتنە سەر تەطبیقی ئەحکام
ئەتوت ئەمانەن سەرمەشقی ئیسلام
کە ئەهاتنە سەر شیعری غەرامی
ئەکەوتە بیرت مەولاو نیزامی[١٨]

---

١٧ بنەماڵەی زانیاران، مەلا عبد الکریم مدرس، ١٩٨٤ز، بەغدا، لا: ٤٢٤.

١٨ ڕۆژگاری ژیان، بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا کەریم، لا: ٢٨٣.

## (بیارە)و مەلا بەها لە چامەیەکی د. عابدی سراجەددینیدا:

دکتور (عابد سراج الدین)یش [19] لە چامە شیعرێکی دوورو درێژدا بیرەوەریی خۆی لەگەڵ شارۆچکەی بیارەو مەلا بەهای مامۆستایو دیمەنە جوانەکانی کەژو کێوو خانەقاو مەدرەسەو فەقێو مەلاو باخو بێستانو جوانیی سروشتی، نوێ دەکاتەوە. بۆیە لەسەر بەرزایی کێوی (تەتە)ی پشتی گوندی کەیمنە ـکە شارۆچکەی بیارەی لێوە دیارە– چامەیەکی پڕسۆز دەنووسێو، ناوی (مەلابەها)ی مامۆستایو فەقێو مەدرەسەکەی بیارە دەباو، دەڵێت:

لە هەڵۆێستی کەلو لوتکەی (تەتە)و، سەیری بەرەو خواری
وەبیرم هاتەوە وەزعی (بیارە)و دەبدەبەی پاری
سەیرم کرد، هاتە سەر صەحنەی خەیاڵم کەوکەبەی جاران
هەموو دلگیر بوون، شانۆو پەردەکانی پارو پێراری

---

١٩ د. شێخ عابد سراج الدین نەقشبەندی، نازناویی شیعری هێژا بوو، ساڵی ١٩٢٣ لە گوندی (دووڕوو)ی هەورامان لەدایك بووە، ماوە یەك بەڕێوە بەری بەشی کوردیی ڕادیۆ تاران بووە. ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (کوردستان) بووە، کە ساڵی (١٩٥٩ز) لەگەڵ کاك ئەحمەدی موفتیزادەو محمد صدیق موفتیزادەو شکراللە ی بابان دەریانکردووە. ساڵی ١٩٩٥ز لە شاری (ریاض)ی پایتەختی سعودیە کۆچی دوایی کردووەو، هەر لەوێش نێژراوە. چەند دیوانە شیعرێکی هەن، لەوانە: (ئاهووی ئێلاخان، خانمی خێلان).

چەمو دۆڵی فەرەحبەخشی بیارەو باخو بێستانی
هەراڵەو مێرگو داری پڕ بەرو تۆفانی ڕووباری
دڵی شیکردمەوە بۆ ماوەیێ وامزانی وەك خۆین
بیارەو مەدرەسەو عیرفانو زیکر و فکری شاکاری..

پاش پیاخوێندنی شارۆچکەکەو دیمەنە جوانەکانی، بیری مامۆستا مەلا بەهای مامۆستایو فەقێکانیو دەرسو پێشنوێژیو حەلقەکانی زیکری دەکەوێتەوەو دەڵێ:

بڕۆمە زیارەتی ئوستادی فیقە و پێشەواو بەرنوێژ
(بەهائەددین)ی خواجەی حەڵقەی ئاگایانی بێداری [٢٠] .

---

٢٠ دیوانی عابد سراج الدینی، بەرگی ٢، لاپەڕە: ١٥٧.

## سەبارەت بە کتێبخانەی (بیارە)و دەستنووسەکانی

لەگەڵ دروستبوونی قوتابخانە نوێیە کەی بیارە، کە وەك وتمان لەسەر دەستی شێخ عومەر گەشەی پێ درا، بنەی کتێبخانە یەك بۆ فەقێو مەلاکان دامەزرا. دوای چەندین ساڵ دەیان دەستنوسی بەنرخ لەلایەن فەقێو مەلاکانەوە نووسرانەوە، یان لە شوێنە جیاجیا کانی کورد ستانو دەرەوەی کورد ستانەوە کرا نە د یارییو وەقـ فی مەدرەسەکەی بیارە کران. شێخ عومەری بیارە ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە ئاوەدانکرد نەوەی کتێبخانە کەی مەدرە سەی بیارە. لە بە غداو ئەستەمبوڵو قاهیرەو دیمەشقو تارانو حیجازەوە کتێب یان دەهێنا. شێخ عومەری بیارە مۆرێکی هەڵکەندبوو بەناوی (وقف ضياء الدين العثماني النقشبندي)، هەر کتێبێك بە داواو ڕاسپاردەی خۆی دە هات ئەو مۆرەی لێ دەداو, تا ئێستەش ئەو مۆرە بە هە ندێ لەو کتێبانەوەیە کە لە ئەرشیفی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی پارێزراون.

بۆ سەلماندنی زۆریی ئەو کتێبانەو گەورەیی ئەو کتێبخانەیە، ئەم گەواهییەی مامۆستا مەلا کەریمی بیارە بەسە، کە خۆی یەکێکە لە پەروەردەبووانی ئەو قوتابخانەیەو بۆ خۆی ئەو کتێبخانەیەی بینیوە، مامۆ ستا وەك شایەتحاڵێك دەڵ ێت: " لەناو مز گەوتی ب یارەدا پلەکانە یەك هە یە دائەبەزێ تە خوارەوە بۆ ژ ێر زەمی نێ، لەو ژێرزەمینەدا ئەندازێکی زۆر کتێ بی زاذ یاریی جۆراو جۆری دە سخەت

هەیە، کە بۆ زۆر کۆن دەگەڕێنەوە." پاشان دەڵێ: "لە مێژووی (١٣٦٠ك/ ١٩٤١ن)دا ویستم بڕۆم ئەو ژێرزەمینە بگەڕێم‌و بزانم چی تێدا یە؟ چرامان داگیرساندو چووینە خوارەوە، بینیم هۆدەیە کە نزیکەی سێ گەز پانەو یازدە گەز درێژە. لای ڕۆژهەڵاتی ئەو ژێر زەمینە پڕە لە کتێب‌و کەوتوون بە سەر یەکدا بە ئەندازەی باڵای زەلامێك.. گەلێ لەو کتێبانەم هەڵگرتن‌و تەماشام کردن، بەڵام دوایی لە مارو دووپشك‌و جانەوەر ترسام‌و بە پلەکانەکاندا سەرکەوتمەوە تا گەیشتمەوە ناو مزگەوتەکە."[21] لە شوێنێکی تردا مامۆستا مەلا کەریم ئەو کتێبانە بە چەند هەزار بەرگ دەخەملێنێ، کە وەقف کراون بۆ فەقێیان.[22]

ئەم کتێبخانەیە کە بەو بێ نازییە مامۆستا باسی لێ دەکات، ڕۆژبەڕۆژ دەوڵەمەندتر بووە، فەقێ‌و مەلا خەتخۆشەکان چەندین سەرچاوەیان نووسیوەتەوەو تێیان خستووە، چونکە لەو سەردەمەدا دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوە نەگەیشتۆتە کوردستان، بۆیە ناچاربوون پەنابەرنە بەر نووسینەوەو ڕوونووس کردن.

هەروەها من بۆ خۆیشم لە پیاوە ڕیشسپییەکانی بیارەم بیستووە کە لە سەردەمی سوڵتان (عبدالحمید)ی عوسمانیدا چەندین بار کتێب

---

٢١ بنەماڵەی زانیاران، مەلا عبد الکریم مدرس، لاپەڕە ٤٢٢ .

٢٢ بڕوانە: یادی مەردان، مەلا عبد الکریم مدرس، ٣١٢/٢ .

له ئەستەمبوڵەوە بە دیاری نێردراون بۆ مەدرەسەی بیارە. ساڵی (١٩٩٨ز) حاجی ئەحمەد بیارەیی یەکێك لە ڕیشسپییانی بەتەمەنی بیارە بۆی گێڕامەوە کە بۆ خۆی مەراسیمی پێشوازی لەو قافڵەیەی لە بیربووە کە زاناو فەقێو پیاوماقوڵانی بیارە چوون بەرەو شارۆچکەی خورماڵ بۆ پێشوازیی ئەو چەند بارە کتێبەی کە لەگەڵ مووی ڕیشی پێغەمبەردا– صلی الله علیە وسلم– کە بە (مەحاسینی شەریف) ناسراوە لە لایەن خەلیفەی عوسمانی سوڵتان (عبدالحەمید)ەوە، لە ساڵانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستدا ناردوونی بۆ بیارە.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین کە لە ساڵی (١٩٧٨ز)دا وەزارەتی ئەوقافی عێراق لیژنەیەکی لە ئەمیندارەکانی کتێبخانە مەرکەزییەکانی ئەوقافی بەغداو موسڵو سلێمانی پێك هێنا، بۆ چێککردنو ناساندنی کتێبە دەستنووسەکانی مەدرەسەی بیارەو، هێنانیان بۆ کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی.[٢٣]

بەندە بۆ خۆم ساڵی (١٩٩٩ز) سەردانی کتێبخانەی ئەوقافم کردو، لە لیستێکدا کە بەڕێز بەڕێوەبەری کتێبخانەکە پیشانی دام چاوم بە ناوی سەدان کتێب کەوت، کە لە بیارەوە گوێزراونەتەوە بۆ کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیو، گومانی ئەوەشم برد کە زۆرێکی تر لەو کتێبانەی حوجرەکانی بیارە لە ڕووداوەکانی کوردستاندا فەوتا بن.

---

٢٣ بڕوانە: (مخطوطات مکتبة الأوقاف)، لاپەڕە ٢٠.

له یەکێك له دەستنوو سه گرنگەکانی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی که کتێبی ( شرح العقائد النسفية) یه به خەتی ( مەلا ئەحمەدی مەلا قاسمی دزاوەری) که دەکاتە باپیرەی پێنجەمی مەلا بەهای بیارە، لەسەری نوسراوە: "ئەحمەدی کوڕی قاسمی دزاوەری بووە خاوەنی ئەم کتێبە، که بە چوار ڕیاڵ له مەلا یوسفی شارەزووری کڕی، له ساڵی تاعونەکە" [24]

لەم کتێبخانەیەی ئەوقافی سلێمانیدا ٣٠٣٥ (سێ هەزارو سیو پێنج) دەسنوسی ئەصڵیو ٢٥٠ دوو سەدو پەنجا دەستنووسی وێنەگیراو هەن. لەو ژمارەیە له ڕیزبەندی ژمارە ٤٤٦ بۆ ٨٢٣ و، ٩٩٨ بۆ ١٠٧٤ی لیستی کتێبەکانی ئەوقاف، له شارۆچکەی بیارەوە هاتوونەتە ئەو شوێنە، کە دەکاتە ٤٥٣ دەستنووس، بەپێی ژماردنێکی سەرپێیی کە بۆ خۆم لەو سەردانەی ساڵی ١٩٩٩ز ئەنجامم دا. دیارە بەپێی هەندێك زانیاری لەکاتی جیاجیاو بە هۆی چەند ڕووداوێکەوە، چەندین دەستنووس لەو دەستنووسانە فەوتاون.

---

٢٤ دەقە عەرەبییەکەی بەم جۆرەیە: ( تملَك أحمد بن قاسم الدزاوري، إشتراها بأربع ريالات من ملا يوسف الشهرزوري، سنة الطاعون). لە کتێبی (فهرس مخطوطات مكتبة أوقاف السليمانية)، بەرگی ٢، لا: ٩٨، بە ژمارە ٥/٣٩. بەپێی بەڵگەنامەیەك کە لە پاشکۆی ئەم کتێبەی بەردەستی خوێنەردایە، باوکی ئەم مەلا قاسمە دزاوەرییە ناوی ئەحمەد بووەو، ساڵی ١١١٣ ی کۆچیی مانگیی/ ١٧٠٢ی زایینیی، شیعرێکی نووسیوەتەوە. بڕوانە: بەشی پاشکۆکان.

لەو دەستنووسانەی مەدرەسەی بیارە، نوسخەی دەگمەنی وا هەیە کە نووسینەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ لەمەوپێش، بۆنموونە: نوسخەی کتێبی (العدة المبارکة) کە کە سێك بەناوی مەلا محە مەدی مەلا رەزای مەریوانی، ساڵی (١١٨٨ك/١٧٧٤ز) لە مەدرەسەی بیارە نووسیویەتەوە. جگە لە سەدان دەستنووسی تری ئەو مێژووە بەدواوە.

بەداخەوە لەبەر ئاڵۆزیی بارودۆخی سیا سیو ئاسایشی شێواوی عێراق بەتایبەتی شاری بەغدا، لەکاتی نووسینەوەی ئەم کتێبەدا- نەمانتوانی زانیاری لەسەر ئەو دەستنووسانەی بیارە دەستخەین، کە ئەگەری زۆرە گەیشتبنە بەغداو شارەکانیتری عێراق.

## (بیارە) لە چامە شیعرێکی عەرەبیدا:

شاعیرێکی عەرەبی عێرا قی بە سڕەیی، بەناوی (محمد هادي الدفتر) (١٩٠٤-١٩٦٦ز)، دیوا نە شیعرێکی دا ناوەو، دە یان چامە شیعری نووسیوە، تایبەت بە وێناکردنو پیاهەڵدانی هاوینە هەوارە ناودارەکانی باشووری کوردستان، بەناوی (دیوان مصایف العراق). لە سەردانێکیدا بۆ شارۆچکەی بیارە لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستدا دیمەنە دڵگیرەکانی ئەو شارۆچکەیە زۆر سەرنجی ڕاکێشاوە، بۆیە یەکێك لە چامە شیعرییەکانی ئەو کتێبەی تەرخان کردووە بۆ بیارە. دەڵێت:

و (بیارى[25]) من عبقري جمال	من رآها لا يستطيع جفاها

فهي من حسنها النعيم تجلى	فسما طولها، وعزّ حماها

كل شيء منها عجيب مروّع	ساحر، يدهش الذي يلقاها

من غراس ما بينها ناميات	ومياه تجد في أثراها

فهي في دائرة بسيطة	نعمى أودع الله كل شيء حلاها

فهناك الماذي والعسل والشهـ	ـد خلا بأشباره وبناها

وهناك الكروم واتين والتفا	ح ماليء أرجاها

ولديها البلوط والشاه بلو	ط، ضروب تكاثرت أسماها

وثمار الغابات والجوز والفسـ	ـتق واللوز، مالئات رياها

وثمار البان من كل صنف	تحت لمح البصر أو فياها

وفوق أزهارها النظيرة تزهو	واتيات قطوفها ونماها[26]

---

٢٥ شاعیر لەسەر زمانی هەورامییەکان ناوی (بیارە)ی بردووە، چونکە ئەوان زۆرجار دەڵێن (بیارێ) نەك (بیارە)!.

٢٦ تأريخ مشاهير الألوية العراقية، عبدالمجيد فهمي حسن، الزمان، ١٩٤٦ز، بغداد، ٣١/١. لە دیوانی (من وحي المصايف) ی شاعیر: (محمد هادي الدفتر) وەریگرتووە، کە ساڵی ١٩٤٥ز لە بەغدا چاپ کراوە.

# بەشی دووەم

## پوختەیەك لە ژیاننامەی مامۆستا

## مەلا بەها و ئاكارەكانی

## لەم بەشەدا

- بنەماڵەی مامۆستا مەلا بەهاو لەدایکبوونیو خوێندنی
- ڕادەی خوێندەواریو توانای زانستیی مەلا بەها
- مەلا بەهاو بەسەرهاتی دوکانەکانی خانەقای بیارە
- مەلا بەهاو زەویو زار لە سنوری (سواد العراق)دا
- عیرفانو خواناسیی مامۆستا مەلا بەها
- ڕێزگرتنی مەلا بەها لە ئافرەتو مافەکانی
- مێژوونامەی مەلا بەها
- حەقبێژییو کاریگەریو هەیبەتی مەلا بەها
- ڕێزی مەلابەها لای شێخ عومەری (إبن القرداغی)
- ڕێزو خۆشەویستیی شێخ عەلادین بۆ مەلا بەها
- نامەیەکی شێخ عەلادین
- وەفاتی ئەحمەدی کوڕی مەلابەهاو دەرسێکی عاریفانە
- مەلا بەها و بەسەرهاتی گۆڕهەڵکەندن بۆ خۆی
- کۆچی دوایی مامۆستا مەلا بەها
- منداڵ و نەوەکانی مامۆستا مەلا بەها

# بنەماڵەی مامۆستا مەلا بەهاو

# لەدایکبوونی و خوێندنی

بەپێی نوسینێکی خودی مامۆستا مەلا بەها بە خەتی خۆی کە ساڵی (١٣٣٦ ك/ ١٩١٨ ز) نووسیویەتی، لە کۆتایی کتێبێکیدا بەناوی (بغية المسترشدين) دانراوی (عبد الرحمن باعلوی) ، ناوی نۆ پشت لە باپیرانی خۆی بەمجۆرە نووسیوە:

"مەلا بەهای بیارە، کوڕی مەلا محە ممەد صادق،[٢٧] کوڕی مەلا عبدالرحيم، کوڕی مەلا عبد القادر، کوڕی مەلا محەممەد، کوڕی مەلا ئە حمەد، کوڕی مەلا قا سم، کوڕی مەلا ئە حمەد، کوڕی مەلا محەممەدە. [٢٨] شایانی باسە مەلا محەممەد صادقی باوکی مەلا بەها لە ناوچەی شلێری پێنجوێن مەلا بووەو، گۆڕیشی لەوێیە.

سەبارەت بە بنەماڵەو شەجەرەی باپیرانی مەلا بەها، چەندین جار لە مامم ( مەلا مد مدی خور ماڵ)و باوکم ( مەلا عەزیز)و چەند

---

٢٦ مامۆستا مەلا کەریم لە کتێبی (علماؤنا في خدمة العلم والدين) لاپەڕە ١٢٤ بە هەڵە وتوویەتی: مەلا بەها کوڕی محەممەدە، بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە کە باوکی مەلا بەها ناوی (مەلا محەممەد صادق) بووە، مامۆستا مودەڕڕیس تەنها (محمد)ەکەی وتووە.

٢٧ لەپاشکۆکاندا بڕوانە: کۆپیی خەتی مەلا بەها لە پەراوێزی کتێبی ناوبراودا.

بەتەمەنێکی تری ناوچەکەم بیستووە، کە لە پەراوێزی هەندێك کتێبدا هەبووە، تا پازدە پشتی ئەم بنەماڵەیە ناویان وەك مەلا هاتووەو لەوەولاتر نەزانراوە. مەلا عەزیز –کە یەکێکە لە براکانیو لە حیجاز وەفاتی کردووە– لەپەراوێزی کتێبێکیدا ئەمەی پشتڕاست کردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە من ئەو دەستنووسەی مەلا عەزیزم بۆ نەدۆزرایەوە.

بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاددەی گرنگیدانی ئەم بنەماڵەیە بە زانست، ئەکرێ نموونە بە باپیرەی شەشەمی مەلا بەها بێنینەوە، (مەلا قاسمی کوڕی مەلا ئەحمەد) کە لە شەجەرەکەی سەرەوەدا ناوی هاتووە. ئەم زانایە لە ساڵانی سەدەی ١٧ ی زایینیدا ژیاوە، چونکە کەشکۆڵێکی شیعریی بەرهەمی مەلا قاسم بە خەتی خۆی کە ساڵی (١٧٠١ز) نووسیویەتی لەماڵی مامۆستا مەلا محی الدین صالحی پارێزراوە.[٢٩]

---

[٢٩] بڕوانە: پاشکۆی بەڵگەنامەکان، بۆ بینینی نموونەی شیعرێك، کە مەلا محی الدین صالحی لە کتێبەکەیدا (یاران ورین)، لەوکە شکۆڵەی مەلا قاسمی دزاوەری نەقلی کردووە، ئەو کەشکۆڵەی مەلا قاسم شیعری (١٧) شاعیری پێش ساڵی ١١١٣کۆچی/١٧٠١زایینی تێدایە. صالحی دەڵێت: "بەداخەوە سەرەتاو کۆتاییان نیە". هەروەها دەڵێت: " ئەو بەشە، لای مەلا عبد الله جوانڕۆیی لە باپیرانی مەلا محی الدین صالحییەوە هاتوون،و لەوە دەچێ بۆ ئەو نووسرابن".

مەلا بەها بەپێی نووسینێکی خۆی لەسەر بەرگی کتێبی ( قاموس اللغة)، ساڵی (١٢٩٥ ك) بەرامبەر (١٨٧٨ز) دا لە دایك بووە،[٣٠] هەر لە سەرەتای ژیانیەوە لە گوندی (دزاوەر)ی هەورامان[٣١] دەستی کردووە بە خوێندنو فێری قورئان خوێندنو زانستە سەرەتاییەکان بووە. لە

٣٠ مامۆستا مەلا کەریمی مودەرریس لە کتێبی (یادی مەردان)دا سەبارەت بە لەدایکبوونی مەلا بەها، نووسیویەتی: "ئەم زاتە لە ساڵی ١٢٩٤ ك، کە دەکا تە ١٨٧٣ ز، لەدایك بووە." نازانر ێت مامۆ ستا ئە مەی لە چ سەر چاوەیەکەوە هێ ناوە، ج گە لەوە بەروارە زاینییە کەش دەکا تە ١٨٧٨. بە ندە پ شتم بە نوسینەکەی مەلا بەها خۆی بەست، چونکە ئەوەی خۆی لە دروستییەوە نزیکترە.
٣١ (دزاوەر) یان (زاوەر) گوندێکی دێرینو دڵگیرو پڕ باخو بێ ستانی هەورامانی لهۆنە. دەکەوێتە بناری کێوی هەمیشە بەفراویی (دالآنی). پێنج کیلۆ مەترێك لە پ شت شادێی (تەوێڵە)وە یەو با خەکانی تێ کەڵی با خەکانی تەوێڵە یە. شادێی (نۆد شە)ی هەورامان لەخۆرهەڵاتییەوە یە، گو ندەکانی (کەیم نە)و (هانەگەرم ڵە)ش لە خۆرئاوا یەوەن. دزاوەر دارای چەندین هاوینە هەوارو سەیرانگای دڵ گیرە، وەك: هارەبڕێ، مالمین، کە گۆڕی شێخ شەهابەددینی مامۆ ستای (پیر شالیار)ی لێ یە. هەروەها: هەوارەکانی: هامنۆ، گ ماڵێ، ملەهەندوو، دەربەند، کۆیلە، بزازەرا، گویج، مەرە، کە وا دیارە یەکێك بووە لە جێگاکانی کۆبو نەوەی شورای (ژیرلـ ێی مەرە). ئەم گو ندە بە گو ندی مەلاو هەڵ کەوتووانو ژ یران ناو بانگی دەر کردووە. لە سەر کەتیبە یەکی مز گەوتی گوندە کە نوو سراوە: ساڵی ١١٩٢ك.م (١٧٧٩ز) مزگەوتە کە لە سەر دە ستی (مح مد یو سف سان) سوڵتانی هەورامان نۆژەن کراوە تەوە. (پێ گەی ئەلیکترۆنیی مالمین).

ته مەنی (١٨) ساڵیداو لە ساڵی (١٣١٤ ك، ١٨٩٧ز) بە مەبە ستی درێژەدان بە خوێندن چووە بۆ ناوچەی موکریانو لای زانای گەورەو ناودار مەلا (عە بدوڵڵای پە سوێ)[٣٢] خوێندوو یەتی، کە لە زاد ستە عەقڵییەکاندا بەناوبانگ بووە. لای ئەو زانایە بە شێك لە زاد ستەکانی خوێ ندووەو پاش دوو ساڵو لە ساڵی (١٨٩٨ز) (١٣١٦ك) دا گەڕاوەتەوە بیارەو لەسەر دەستی مامۆستا مەلا عبد القادری گەورە ئیجازەی زانستیی وەرگرتووە[٣٣].

پیرانی گوندی (دزاوەر) دەگێڕنەوە کە باوکی مەلا بەها (واتە مەلا محەممەد صادق، کوڕێکی تری هەبووە بە ناوی ع بد ال لە. ڕۆژێک یان چاوی لە هەردوو کوڕەکەی – واتە بەهاو عبد الله – بووە کە م نداڵ بوونو یاریـ یان کردووە. (بەها ئەددین) وردە بەردی لە سەر یەك هەڵچنیوەو (ع بد ال لە)ش پەتێکی بە ستووە بە ناڵی ولاخێ کەوەو غارغارێنی پێ کردووە. (مەلا محەممەد صادق)ی باوکیان وتوو یەتی:

---

٣٢ حاجی مەلا عە بدوڵڵا، خەڵکی گو ندی (پە سوێ)ی ناو چەی (لا جان)، مور یدی شێخ عو مەری ب یارە بووە. د یارە مەلا بەها لەوێوە نا سیویەتی. لە هەردوو شاری (بۆ کان)و (تور جان) مەدرە سەی هەبووەو، فەقێی زۆری ڕاگرتووە. بۆم ڕاست نەبووەوە کە ئایا باپیرم ( مەلا بەها) لە (بۆ کان) لە لای خوێندوویەتی، یان لە (تورجان)..؟

٣٣ بڕوانە: زندگینامە علا مە د هر ( حاج ملا أ حمد نود شی)، ید یی مظ هری، چاپی سنە، لا: ٥٣.

ئەم بەهادینە وا د یارە ئەبێ تە مەلا یەکی باش‌و کتێب هەڵئە چنێ! (عبد الله) ش ڕەنگە ببێ بە کاسب‌و وڵاخداریی بکات. دیارە هەر بەو جۆرەش دەرچووە کە باوکیان پێشبینی کردووە.

بە پێی بۆچوونی مامۆستا مەلا کریم، هەندێك لە هاوفەقێیانی مەلا بەها لە کاتی خوێندنیدا بریتیبوون لە: مەلا عەزیزی برای مەلا بەها، مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی، مەلا مەحمودی کانیمیرانی[٣٤]، مەلا صاڵحی فاوجی، مەلا مستەفای خورماڵی‌و کەسانێکی تر، کە هەموویان دوا تر ناوبانگ یان دەر کردووەو بوونە تە مەلاو مامۆ ستای نا سراو لە قوتابخانەو حوجرەکانی کوردستاندا.

مامۆ ستا مەلا بەها برا یەکی هەبووە بە ناوی مەلا عەزیز کە پێکەوە خوێندوویانە، وا پێ دەچێ لای مەلا قادری گەورەی بـ یارە ئیجازەی زانستییان وەرگرتبێت. ئەم برایەی پاش ئی جازە وەر گرتن چووە بۆ حەج‌و لەوێ نەخۆش کەوتووەو وەفاتی کردووەو هەر لەوێ نێژراوە. بەپێی قسەی ئامۆژنم – خاتوو رابیعە– خێزا نی مامۆ ستا مەلا محمدی خورماڵ –کە ساڵی ٢٠٠٤ز لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردو خوشکەزای مەلا بەهای باپیرمە– دەیوت: "کاتێ مەلا عەزیز لە حەج نەخۆش کەوتووە شەش لیرەی پێ ماوە، لە کاتی سەرەمەرگیدا

---

٣٤ علماؤنا في خدمة العلم والدين، عبد الكريم المدرس، ص: ١٢٤.

وتوویەتی بە هاورێکانی: لە گۆڕستانی بەقیع زەوی بکڕنو ئەگەر مردم لەوێ بمنێژن".

ماموستا مەلا بەهای باپیرم بە خەتی خۆی لە پەراوێزی کتێبی (قاموس اللغة) دا بە فارسی نووسیویەتی: "مێژووی کۆچی گەورەو کامڵ حاجی مەلا عەبدولعەزیزی برام – خوا بیخاتە بەر رەحمەتی فراوانی خۆی– لە ساڵی ١٣٢٢ی کۆچی (دەکاتە ١٩٠٥ ی زاینی)، لە شاری مەدینەی پیرۆز –خوا پیرۆزو پایەبەرزتری کا– هەر لەوێ لە گۆڕستانی بەقیع نێژرا، خۆزگە بە خۆیو خۆش بە حاڵی." [35]

هەروەها خوشکێکیشی بووە بە ناوی (خەیریە) کە دەکاتە دایکی رابعە خانمی خێزانی ماموستا مەلا محەممەدی خورماڵ، خوا لێیان خۆشبێت.

مەلا بەهائەددین پاش ئەوەی لای مەلا قادری گەورە ئیجازەی عیلمیی[36] وەرگرتووە، هەر بۆ خۆیشی ساڵی (١٩١٢ز) ژنی بۆ

---

٣٥ دەقەکەی خۆی کە بە فارسیو نیوە عەرەبی نوسیویەتی، بەم جۆرە یە: "تأريخ وفاة فاضل كامل الحاج ملا عبد العزيز رحمه الله رحمة واسعة، شقيقي، في سنة ١٣٢٢، توفي فى المدينة المنورة، زاد ها الله شرفا، ودفن بالبقيع، طوبى له". (پەراوێزی بەرگی (قاموس اللغة)، بە خەتی مەلا بەها خۆی).

٣٦ ماموستا مەلا کەریم لە سێ شوێنی (یادی مەردان)دا، باس دەکات کە ماموستا مەلا بەها، لای مەلا قادری گەورە ئیجازەی زانستیی وەرگرتووە، لە بەرگی ٢ لاپەڕەکانی ١٥٩و، ٥٢٠و ٥٧٧ چاپی یەگەم.

هێناوەو دایمەزراندووە. ژنەکەی کە ناوی (حوسنا)خان بووە، کچی شێخ فریادی هەورامان بووە، منداڵەکانی هەموویان لەون. حوسنا خان بە سەر سکەوە لە دوا منداڵیدا کە ناوی ئەمنە بووە کۆچی دوایی کردووە. مەلا بەها لە پەراوێزی کتێبی (قاموس اللغة)دا، مێژووی کۆچی ئەم هاوسەرەی بە زمانی عەرەبی، بەم جۆرە دەنووسێت: "مێژووی کۆچی هاوسەرم (حوسنا) خوا لێی خۆش بێت، بەیانیی ڕۆژی هەینی لە مانگی (ذي القعدة)ی ساڵی ١٣٤٥ی کۆچی. (دەکاتە مایسی ١٩٢٧ زاینی".

شایانی باسە باوکم‌و مامم (مامۆستا مەلا محەمەدی خورماڵ)و ئامۆژنم –بەڕەحمەت بن– زۆرجار باسیان لە ژیریی‌و حیکمەت‌و دانایی ئەم ژنە (واتا حوسنا خان) دەکردو، تەئکیدیان دەکردەوە کە پشتیوان‌و یارمەتیدەرێکی چاك بووە بۆ مەلا بەهاو زۆر پشتیوانیی لێ کردووە، تەنانەت سوودی لە ئەقڵ‌و ژیرییەکەی وەرگرتووە.

مامۆستا مەلا بەها زۆر گرنگیی داوە بە قورئان‌و، هانی خوێندن‌و فێربوونی قورئانی بۆ ژنان داوە، ئەوەتا حەوت خوشکەزای هەتیوی هەبووە هەموویان قورئانیان خەتم کردووەو قورئانیشیان فێری خەڵکی کردووە، بۆیە لە ناوچەی هەوراماندا بە قورئانزان‌و مامۆستای فێرکردنی قورئان ناسراون.

دوای کۆچی خاتوو حوسنا، مەلا بەهائەددین ژنی دووەمی هێناوە کە مەشهور بووە بە (خەلیفە مروەت)و خەڵکی شارەزوور بووە، لە عەشیرەتی (شاتری). ئەم ئافرەتە لە خانەقای بیارە سەرحەڵقەی خەتمەی ژنان بووە. مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی بیارەیی دەڵێت: " سۆفی مروەت هەفتەی جارێ کورەی زیکری دەبەستو بە دەیان ئافرەتی دینیی صۆفی بە دەوریا کۆدەبوونەوەو تۆبەی پێ دادەنان، ئەوانیش بە باوەڕێکی تەواوەوە دەستی دینیی یان پێیە دەگرت".[٣٧]

کە ئەوەش دەیسەلمێنێ مەلا بەها گرنگیی داوە بە توێژی ژنانیش، کەش‌و هەوای زیکرو تەهلیلەو خەتمەی تایبەتیی بۆ ساز کردوون‌و یارمەتیی خاتوو (مروەت)ی خێزانی داوە بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام مەلا بەها زۆر جەختی کردووەتەوە لەسەر پاراستنی ئادابی شەرعی‌و نەیهێشتووە ژن‌و پیاو تێکەڵ بن، کە بەداخەوە لە هەندێك شوێن‌و دواتر لەو سەردەمە، زۆرجار ئەو ئادابانە لە کاتی حەلقەکانی زیکردا پێشێل دەکرێن.

---

[٣٧] مێژووی هەورامان، محەممەد ئەمین هەورامانی، چوارچرا، چاپی ٢، ٢٠١٦. (داڕشتنەکەی، هەروەك خۆی هێناومە !).

# ڕادەی خوێندەواریی و توانای زانستیی مەلا بەها

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ڕیشسپیو مەلا ناودارە بەتەمەنەکانی ناوچەی هەڵەبجەو هەورامانەوە وەرگیراوەو، ئەو شایەتییە چەندبارانەی مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕڕیس دووبارەیان دەکاتەوە، وا مەشهورە کە مەلابەها زانایەکی خوێندەوار بووەو چەندین فەقێی پێ گەیاندووە، بۆیە بەدرێژایی تەمەنی خۆی لە مەدرەسەکەی شارۆچکەی بیارەدا حوجرەی تایبەت بەخۆی هەبووە، هەرچەند لە سەرێکی ترەوە سەرگەرمی خەتمو تەهلیلەو زیکرو ئەورادو قورئانخوێندن بووە.

شاهیدێك کە زۆر لەگەڵی ژیابێ، مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕڕیسە، لەچەندین شوێنی هەردوو کتێبە نایابەکەیدا (یادی مەردان)و (علماؤنا في خدمة العلم والدین) هەروەها لەبیرەوەرییەکانیدا بەناوی (ڕۆژگاری ژیانم) باسی مەلا بەهای بیارە دەکاتو، بە زاناو لەخواترسو خوێندەوار لە قەڵەمی دەدات.

ئەوەندەی لێی دڵنیا بم مامۆستا مەلاکەریم لە حەوت جێگەی بەرگی دووەمی (یادی مەردان)دا باس لە مەلابەها دەکات، جارێك بە

(مەلای گەورە)و جارێك بە (مەلابەهای ئیمام)و جارێك بە (مەلای بەناوبانگ)و جارێك بە (مەلای چاكو موناسیب)[٣٨] ناوی دێنێت.

هەروەها لە كتێبی (علماؤنا في خدمة العلم والدين)دا دوو لاپەڕەی بۆ ژیانو بیبلۆگرافیای مەلا بەهای بیارە تەرخان كردووە.[٣٩]

لە كتێبی (یادی مەردان)یشدا –بێجگە لەوئاماژانەی سەرەوە– لاپەڕەیەكی تایبەت كردووە بۆ پوختەی ژیاننامەی مەلا بەها، تیایدا دەڵێت: "مامۆستا مەلا بەها وەختی خۆی بەفیڕۆ نەئەدا، لە غەیری وەختی نوێژو خەتمو تەهلیلەدا، خەریكی قورئان خوێندنو ویردخوێندنو دەرس پێوتنی فەقێیان ئەبوو، بەتایبەتی دەرسی تەجویدی قورئانو شەرع، لە شەرعیشدا بە تایبەتی دەرسی (فرائض)، واتە چۆنیەتیی دابەشكردنی میرات.." [٤٠]

عەودالبوونی مەلابەها بەدوای زانستدا وای لێكردووە سەردانی ئەو شارانەی كوردستان بكا كە حوجرەو مەلاو زانست تیایاندا بەبرەو بوون، تەنانەت بەلای كەمەوە ٣جار سەفەری بەغدای كردووەو چەند كتێبێكی دەگمەنی لەوێ كڕیوە، لەوانە لە سەفەرێكیدا كتێبی (جامع الصغير)ی لە

---

٣٨ لا پەڕەكانی ٩، ١٥٩، ٣١٣، ٣١٦، ٥٢٠، ٥٧٧ لە بەرگی دووە می ( یادی مەردان)، عبد الكريم مدرس.

٣٩ علماؤنا في خدمة العلم والدين: عبد الكريم المدرس، ص ١٢٤، ١٢٥ .

٤٠ یادی مەردان، ٥٧٧/٢.

فەرمودەدا کڕیوە، چونکە لەپەراوێزی ئەم کتێبەیدا نووسیویەتی: "موڵکی ئاسمانانو زەوی هی خودایە، ئەم کتێبەم بە پێنج قەران کڕی لە (دار السلام) لە بەغدا، منی گوناهبار بهاءالدین کوڕی محمدصادقی بە ئەسڵ دزاوەری." [٤١] بەداخەوە ساڵی ئەو سەردانەیم بۆ بەغداو هۆو پاڵنەری سەردانەکەشم بۆ ڕاست نەکرایەوە، بەڵام خۆشبەختانە پاش پشکنینێکی زۆری پەراوێزەکانی پاشماوەی هەندێك لە کتێبەکانی کتێبخانەکەی، ئەوەم دۆزییەوە کە یەکێك لە سەفەرەکانی بۆ شاری بەغدا ساڵی (١٩١٦ز) بووە چونکە بە خەتی خۆی لەسەر بەرگی کتێبێك کە لەو سەفەرەیدا لەوێ کڕیویەتی، بەفارسی نووسیویەتی: "ئەم کتێبە هی بەندەی هەژارە لەسەفەری سێیەمی دارالسلام، بەغداد، لەساڵی ١٣٣٧ (١٩١٦ز) هێنام".

سەیر ئەوەیە ئێمە –نەوەکانی مەلابەها– نەمان بیستبوو کە مەلا بەهای باپیرمان ئەم سێ سەفەرەی بۆ بەغدا کردبێ. بۆ پاڵنەری سەفەرەکانیش، بۆخۆم گومانم بۆئەوە دەچێت کە عەشقی سەردانی شوێنە پیرۆزەکانو زانستگە شەرعییەکانی شاری بەغداو کڕینی کتێب لەسەری دابێت.

---

٤١ دەقەکەی بە عەرەبی بەم جۆرە نووسیوە: " ولله ملك السماوات والأرض، ملّكت هذا الكتاب بخمس قرانات في دار السلام بغداد، وأنا الأثيم بهاء الدين ابن محمد صادق، دزاوري الأصل." لە پەراوێزی بەرگی یەکەمو کۆتایی کتێبی (جامع الصغير في أحاديث البشير النذير) نووسیویەتی.

# مەلا بەهاو بەسەرهاتی دوکانەکانی خانەقای بیارە

مامۆستا مەلا کەریم دەڵێت: "لەساڵی ١٣٥٠ك (١٩٣٢ز) دا بەعزێ کەس فیکری شێخی بیارەیان هێنایە سەر ئەوە کە ئەم باغچەیە وا لە خۆرهەڵاتی خانەقاوە، لەگەڵ ئەو حوجرە درێژە کە لکاوە بەخانەقاوەو تەختەبەندەکەی بەردەمی حوجرەکە هەتا نزیکی حەوزی قەسرو بەهاربەندی خانەقا، هەمووی بکا بە دوکانو بازاڕ، بۆئەوە واریداتێ بۆ خانەقا ببێ، لە واقیعدا هەرچەند ئەم دوکانو بازاڕە ئەبوو بەهۆی واریدات، بەڵام مەنزەرەو دیمەنی جوانی خانەقاو حەوشی خانەقاو باخچەی خانەقای مەحو ئەکردەوە. لەم فکرەدا منو مامۆستا مەلا بەهادین مانیع بووین لەبەر بەعزێ شت: (پاشان مامۆستا مەلا کەریم ٣ هۆکار باس ئەکات):

یەکەم: گۆڕانی دیمەنی خانەقاو لەدەستدانی جوانییەکەی.

دووەم: بیرەوەریو یادگارییەکانی حوجرەکەی شێخی زیائەددین.

سێیەم: نەگونجانی کەشی بازاڕو دوکان لەگەڵ ڕوحانیاتو هەیبەتی خانەقا.

پاشان مامۆستا مەلا کەریم دەڵێ: "منو مامۆستا مەلابەها پاش ئەوە کە نائومێدبووین لە وەرگرتنی قسەکەمان، قەرارمان دا ئەو

چنارانە بڕیویانە نەفرۆشرێن‌و بیانکەن بە تیرەك‌و ڕایەڵ‌و لە سەربانی خانەقا بۆ مەوسیمی هاوین خانەقایێ بکرێتەوە.."[42]

مامۆستا صلاح الدين کوڕەزای مەلا بەها- لەم بارەیەوە دەڵێت: دوای ئەوە "مەلا بەها ڕەخنە ئەگرێ‌و بەتوندی موداخەلە ئەکات‌و ڕێ ئەگرێ لە فرۆشتنی وەقفەکە، شێخ عەلائەددین پابەند ئەبێ بە فتواکەی".[43]

یەکێك لە قوتابییەکانی مامۆستا مەلا بەها دکتۆر عابدی سراج الدینی یە، کوڕی شێخ مەولانای شێخ عەلائەددین‌و کچەزای شێخ نەجمەدینی بیارە، کە لە سەرەتای چلەکاندا لای مەلابەها هەندێ لە زانستەکانی خوێندووە، دواتر شەوقی کۆماری مەهاباد لەسەری داوەو لەساڵی (١٩٤٤ز) دا چۆتە مەهاباد، دواتر گەڕاوەتەوە کوردستانی عیراق‌و، پاش چەند ساڵێك لە زانکۆی تاران کۆلێژی (ئیلاهیات)ی تەواو کردووە. ناوبراو شاعیرێکی بە توانا بووە، دیوانێکی شیعریی گەورەی لە دوو بەرگدا هەیە، کە شێخ ئەسعەدی سیراجەددینی برای پێشەکی بۆ نووسیوەو دەزگای ئاراس ساڵی (٢٠٠٤ز) چاپی کردووە.

---

٤٢ ڕۆژگاری ژیانم، مامۆستا مەلا کەریم، لا: ١٦٥.

٤٣ لەخزمەت مامۆستای گەورەی خورماڵدا، صلاح الدين محمد بهاءالدين،لا :٨.

ناوبراو له (٨)ی نەورۆزی ساڵی (١٩٩٥) له شاری (ریاض)ی سعودیه کۆچی دوایی کردو، هەر لەوێش به خاك سپێردرا.[٤٤]

شاعیری ناسراوی سلێمانیش، ئەحمەد شوکری که به (دکتۆر شۆ) ناوبانگی دەرکردبوو– ساڵی (١٩٨٩ز) کۆچی دوایی کرد، لەبەر ئەوەی له سەرەتای چلەکاندا له شارۆچکەی بیاره چەند جارێك مامۆستا مەلا بەهای بینی بوو، چامه شیعرێکی پێدا گوتبوو، له یەکێك له ئەڵقەکانی کتێبه شیعرییەکانیدا که به ناوی (زنجیره) چاپی دەکردن– بڵاو کردەوه، بەڵام به داخەوه وێنەیم دەست نەکەوت.

یەکێك له قوتابییه هەڵکەوتووەکانی مامۆستا مەلا بەهای بیاره – که پێ شتر ناویم برد– که سایەتیی ناوداری سوریا (محمد عمر العزی)یه، که له بیاره فەقێ بووەو خوێندنی لای مەلا بەهاو چەند زانایەکی تر تەواو کردووەو گەڕاوەتەوە بۆ (دیر الزور)ی سوریاو بووەته پەرلەمانتارو یەکێك بووه له پیاوانی شۆڕشی ئەفسەرانی ئازاد دژی داگیرکەری فەرەنسی له ساڵانی (١٩٤٣– ١٩٤٥ز).[٤٥]

---

٤٤ بڕوانه: دیوانی شێخ عابدی سراجەددینی، بەرگی ١، لاپەڕە ٥–٩.

٤٥ ئەم زانایه ساڵی (١٩٢١ز) له (دیر الزور)ی سوریا هاتۆته دونیا، کوڕی شێخ ئەحمەدی (دیرالزور)ه، که دەبێته خەزوری شێخ عەلادین، چونکه ساڵی (١٩٢٣ز) شێخ عەلادین چۆته (دیرالزور)و خاتوو (رابعه)ی کچی شێخ ئەحمەدی مارە بڕیوه. شێخ عەلادین لەو ئافرەته ٣ کوڕو کچێکی بووه: (ثابت و أمین و مەزهەر و ئەدیبه). (محمد عمر العزي) له لاوێتی چۆته شارۆچکەی بیارەو←

بەهەرحالْ مامۆستا مەلا بەها تەمەنی لە نێوان دوو بازنەی (عیلمو عیرفان) زانست و خواناسیدا بردۆتە سەر، بۆ یە سوور بووە لە سەر ئەوەی کە مندالْو نەوەکانیشی بەدوای زانستو خوانا سییەوە بن. بەو مەبە ستە هەموو کتێبە زانستییەکانی وە قف کردووە لە سەر مندالّە زا ناو خوێ ندەوارەکانی، پاش ئەوان بۆ قوتابیانی زانستە شەرعییەکان. بۆنمونە لە پەراوێزی کتێبی (الجامع الصغیر في أحادیث البشیر النذیر)دا کە تایبەتە بەفەرموودە، بە عەرەبی نوو سیویەتی:

---

→٧سالْ ماوە تەوەو، لای مەلا بەها خوێندو یەتی. لە (١٩٣٨ز)دا هەر لەوێ ئیجازەی زانستیی وەرگر تووەو گەڕاوە تەوە سوریا. لە (١٩٤٣– ١٩٤٥ز) بەشداری شۆڕشی ئەفسەرانی سوریا بووە دژی فەڕەنسا. لە (١٩٥٤ز) بۆتە موفتی پارێزگای (حەسەکە)و (دیرالزور)و (بوکەمال)ی خۆرئاوای کوردستان (سوریە). لە (١٩٥١ز) بە نوێنەرایەتیی وڵاتی سوریا بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری ئیسلامی لە قاهیرە. لە (١٩٥٣ز) بۆتە ئەندامی لیژنەی سیاسیی یەکەم کۆنگرەی ئیسلامیی قودس. لە (١٩٧٠ز) بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی سوریا. لە (١٩٧٥ز) دژی حوکمی نوصەیرییەکانی سوریاو حزبی بەعس هەستاوە، بۆیە ناچار بووە کۆچ بکات بۆ بەغدا. ناوبراو زانایەکی گەورە بووەو خاوەنی تەفسیرێکە بە ناوی (تفسیر القرآن العظیم)، هەروەها کتێبی (الأدیان في کفتي المیزان)و (العرب بنظر الإسلام)و چەند کتێبێکی تر. ناوبراو نمونەی تەقواو صەلاحو زانستو گەورەیی بووە، نیشانەیەك بووە لە زیرەکیو کەرەمی حاتەمی، جگە لەوە شاعیرێکی بە توانا بووە. (بڕوانە کتێبی: تأریخ علماء بغداد في القرن الرابع عشر الهجری) لە نووسینی ( یونس إبراهیم السامرائی)، چاپی وەزارەتی أوقاف، (١٩٧٨ز) بەغدا. هەروەها بڕوانە: بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕڕیس، لا: ١٩٣ ، ١٩٤.

"ئەم کتێبەم وەقف کرد لەسەر زاناترینو صالّحترین مندالّی باوکم، پاشان لە سەر کوڕە زانا کانم، پاشان لە سەر قوتابیە یانی زاذ ست (فەقیّ)، بە دەستی خۆیشم ئەمەم ئەنجام دا. پاشان بە دەستی کاملّترینو زاناترینی مندالّەکانم، نەوە دوای نەوە، پاشان بەدەستی زانایەك لەو جێیەی کتێبەکەی لیّ دەبێت. پاشان بە دەستی زاناى شارێکی نزیك لەو شوێنەی کتێبەکەی لێیە. ئیمزا: بەندەی هەژار: بهاء الدین."[46]

ئەم جۆرە نووسینانە لە سەرێکەوە ئەوە دەگەیەنن کە کتێب لەو کاتەدا لای ئەو جۆرە زانایانە زۆر بەنرخو بەبایەخ بووە، چونکە زۆر گرانو دانسقە بووەو زۆر بەزەحمەت کتێبیان دەست کەوتووە. لە سەرێکی ترەوە ئەوە دەردەخات کە ڕێزی زاذستیان گرتووەو بۆ ئیحتیات ئەم جۆرە وەقفانەیان کردووە، تا کتێبەکانیان تێکەلّ بە سامانو بۆماوەو میرات نەبنو لە نێوان میراتگراندا تیانەچنو تەنها بەڕێی خۆیاندا بڕۆن، واتە بکەونە دەستی زاناو خوێندەوارانی میراتگران. ئەگەر لە مندالّو نەوەشیاندا زاناو خوێندەوار نەبوون، بگەنە دەستی فەقیّو قوتابیی زانستو حوجرە زانستییەکان.

[46] دەقی عەرەبیی وەقفەکە بەم جۆرەیە: "وقفت هذا الكتاب على أعلم وأصلح أولاد أبى. ثم ذكور أولادى العالمين. ثم طلبة العلم. وتوليته بيدي، ثم بيد أرشد وأعلم أولادي، بطناً عن بطنٍ. ثم بيد عالم في محل الكتاب، فعالم بلد قريب منه. (ئيمزا) الفقير: بهاء الدين."

## مەلا بەهاو نووسینەوەی وەصیەتنامەی شێخ عەلادین

واد یارە لە بەر ئەم خوێندەواریو دینداری یەی بووە، کە شێخ عەلادینی بیارە، کوڕی شێخ عومەر، کاتێك دەیەوێت وە صیەتنامەی خۆی بنوسێت، بانگی مەلا بەهای بیارە دە کاتو دەیکا تە شاهید لە گەڵ چەند کە سێکیتر، لەوا نە سەید مەز هەری کا تبو، سەید نیزامەدینو، شێخ عوسمانی شێخ مارفی نێرگسەجاڕ، ئە مە بە پێی قسەی مامۆستا مەلا کەریم لە مانگی ڕەجەبی ساڵی (١٣٦٣)ی کۆچی بەرامبەر (١٩٤٣)ی زاینی بووە.[47]

**فتوا یەکی مەلا بەهای بیارە، دەر بارەی تاپۆکردنی زەویو زار لە سنوری (سواد العراق)دا:**

مەسەلەی تاپۆکردن لە سنوری ئەو ناوچە جوگرافی یەدا کە پێی دەڵێن: (سواد العراق) لە مێژەوە جێی مشتو مڕی زانا یانی دێرینی هەموو ئەو شوێنانە بووە کە ئەو سنورە دەیانگرێتەوە. بەپێی زا نای جوگرافینا سی گەورە ( یاقوتی حه مەوی)- کە لە ساڵی (٦٢٦ك) بەرامبەر (١٢٢٨ز) کۆچی دوایی کردووە- (سواد العراق) هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە مو سڵمانان لە سەردەمی (عو مەری کوڕی

---

[47] هەمان سەرچاوە ٣١٦/٢ .

خەتتاب)دا ئازادیان کردوون. بۆ یە پێشیان گوتووە ( سواد العراق) لە بەر بوونی دارستان‌و باخ‌و ڕەزو شینایی، کە لەدوورەوە ڕەش دەکاتەوەو عەرەب بەو جۆرە شوێنانەیان گوتووە ( سەواد) وەك لە کوردەواریدا دەگوترێ: شینایی.

سەبارەت بە سنوری ئەو ناوچانەی پێی گوتراوە ( سواد العراق)، یاقوتی حەمەوی پێی وایە کە لە شاری (حەدیسە)ی ئەو سەردەمەی (موسڵ)ەوە دەست پێ دەکا، تا شاری ( عەبادان) کە لەخوارووی خۆرئاوای ئێرانە لەسەر سنوری عیراق، نزیك شاری بەسرە. ئەمە بە باری درێژی، بە باری پانیش لە (عزیب)ی قادسیەوە دەست پێ دەکا، تا ( حەلوان) کە دەورو بەری شاری خانەقین‌و (زەهاو)ی ئێستەی کوردستان دەگرێتەوە.[٤٨]

سەرچاوەی مشت‌ومڕ لەسەر تاپۆکردنی ئەو زەوی‌و زارانە – کە کوردستان، بە تایبەتی شارەزورو هەورامان– بە شێکی بە پیت‌و حاسڵخێزی بووە، لەوێوە سەری هەڵداوە کە پێشەوا (عومەری کوڕی خەتتاب) هەموو ئەو زەویانەی بە کڕین وەرگرتووە لەو خەڵکانەی کە پاش ئازادبوونی عێراق پێیان درابوو. ئەو هەمووی کرد بە وەقفی

---

٤٨ بڕوانە: (معجم البلدان)ی یاقوتی حەمەوی، دار الکتب العلمیة، بەیروت، ٣٠٩/٣.

گشتیی بۆ موسڵمانانو بە کرێی هەمیشەیی هەمووی گێڕایەوە بۆ ئەو جوتیارانەی لەو ناوچانەدا دەژیان.[٤٩]

لەسەر ئەم بنەما مێژووییەو بەپێی ڕای زۆرێك لە زانایانی ئیسلام، نابێت ئەم زەویو زارانە لەو جوتیارا نە وەرگیرێ نەوەو ناکر ێت تاپۆ بکرێن لەسەر هیچ کەسێك، هەرچەند دە سەڵاتی شەرعیشی هەبێت، وەك لە هەندێك سەرچاوەی فیقهی شافعیدا هاتووە. لەم زەمینە یەدا پێشەوا شافعی گوتویەتی: "خەلیفە عومەر ئەو زەوییا نەی وە قف کردووە لەسەر مو سڵمانان، پا شان لێی وەرگرتوونە تەوە، بۆیە نە فرۆشتنیان ڕەوایە، نە ڕەهن کردنیان." [٥٠]

بێگو مان لە سەدە ڕابردووەکا ندا ئەم مە سەلەیە بەپێی گۆڕانکارییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانکاریی بە سەردا هات، بۆیە لەگەڵ ئاڵۆزبوونی مەسەلەکە زانایانی ئیسلامیش ڕاو بۆ چوونو فتوای جۆراوجۆریان لێ بیستراوە.

مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕڕیس سەبارەت بەم بابە تە پاش نەقڵی قسەو بۆ چوونی چەند مەلاو زانا یەکی زۆر خوێندەواری

---

٤٩ پێشەوا ئەبویوسف لە کتێبە نایابەکەیدا: (الخراج)، بەڕوونی ئەمە باس دەکات.

٥٠ بڕوانە: (البيان في شرح المهذب)ی أبو الحسين العمرانی، لە فیقهی شافعی، ٢٦٣/٣ و هەروەها: ٢٠٨/١٢ .

کورد ستان –وەك مەلا عبدالله‌ی عەبا بەیلیێو، مەلا ع بد الله قادری گەورەی بـ یارە– ڕاو فـ تواى مەلا بەهاى بـ یارە لەو پرسو بابە تە مێژووییەدا بە تەواوو کۆ تاییهێن دەزا نیێ، بۆ یە فتوا کەی مەلا بەها بەتەواویی نەقلێ دەکاو، بەم جۆرە دەیگێڕێتەوە:

".. من لە بارەی هۆی تاپۆکردنەوە لە (سواد العراق)دا–بەتاییەتی لەبارەی زەوی تاپۆکردنی زاتێکی وەك شێخ محمد بەهادینەوە لە مامۆستا مەلا بەهای پێشنوێژی ئەو سەردەمەی بـ یارەم پرسی، کە پیاوێکی چاكو مەلایەکی موناسیب بوو، لە وەڵامدا وتی:

یەکەم: مەسەلەکە خیلافی یە (واتە ئەو زەوییانە تاپۆ بکرێن یان نا)، بەلای ئیمام ئەبوحەنیفەوە وەقفەکەی حەزرەتی عومەر ئیسپات نەبووەو کڕینو فرۆشتنی زەویو زاری (سواد العراق) دروستە.

دووەم: هەر بەلای ئەبوحەنیفەوە وایە کە هەر موڵکێکی ئیسلام کافری شەڕکەر بیگرێ، کاتێ ئیسلام سەندییەوە لە کافر، وەقفەکەی نامێنێو ئەبێ بە موڵکی ئیسلامو هەموو تە صەڕوفێکی ڕەوای تێدا دروستە.

سێیەم: لەو سەردەمەدا دنیا ئاژاوەو بێ قانونی بووەو،[51] شێخ (محمد بەهادین)یش قەرەباڵغییەکی زۆری بەدەورا بوو، ئەبوو نازیان

---

٥١ مەبەستی مەلا بەها لەو (سەردەمە) ساڵانی پاش (١٢٩١ك/ ١٨٧٤ز) کە تاپۆکردنی زەویو زار لە دەوڵەتی عوسمانیدا هاتو پرۆسەکە گەیشتە ←

بداو ئەو جوتیارانە شی دەر نەکردووە کە لەزەویو زارە تاپۆکراوەکاندا بوون، زەویو زارەکەی بەدەستەوە هێشتوونەتەوەو تۆوی داو نەتێ دای چێنن، پا شان ئەوان بە ئیذ سانی خۆ یان چ موڵکێکیان داوەتێ لێی وەرگرتوونو ئەم مامەڵە یە بۆ زەویو زارو کێڵگەکانیش زۆر بەسوود بووە".[٥٢]

لەم دە قە فتوا یەوە – کە مامۆ ستا مەلا کەریم ڕا ستەوخۆ لە مامۆستا مەلا بەهای بیارەوە نەقڵی دەکا– دەردەکەوێ کە مەلا بەها زانایەکی وردو بە توانا، لە هەمان کاتدا کراوەو (متنوّر) بووە، چونکە بەپێی ئا ماژەکردنی بۆ مەزهەبی حە نەفی لە فتواکە یدا بۆ با سی زەویوزار، ڕوون دەبێتەوە کە پێچەوانەی زۆرێك لەو مەلاو زانایا نەی پێش خۆیو دوای خۆی، بیری کردۆتەوە کە پێ یان وا بووە ناکرێت هیچ کەس لە مەزهەبی بڵاوی وڵات –وا تە مەزهەبی شافعی لە کوردستانی خۆماندا– لا بدات، چونکە ئەو پێی وابووە کە جیاوازیی ڕاو بۆچوونی زاناکانو زۆریی مەزهەبە ئیسلامییەکان، بەم شێوەیە دەبنە هۆی ڕەحمەتو ئاسانکاریی بۆ خەڵکی.

---

←شارەزورو هەورامان. بۆیە وەك فرسەتێك شێخ محمد بەهادین کوڕی شێخ عوسمان سراج الدین، لەگەڵ عوسمان پا شای جاف هە ندێك زەویو زار یان لە سەرووی جۆگەی (دەلێن)ەوە –لەنزیك شارۆچکەی بیارە– لەسەر خۆ یان تاپۆ کرد، کە بووە جێی مشتو مڕو ڕەخنە لای هەندێ زانایان.

٥٢ یادی مەردان، مەلا عبدا لکریم مودەڕڕیس، ٢/٨٧ – ٨٨.

جگە لەو نمونەیە، بەڵگەیەکی تر لەسەر کراوەیی و ئاگایی زانستی مەلا بەها ئەوەیە کە کتێبخانەیەکی نمونەیی و گەورەی هەبووە، کە چەندین کتێبی لە تەفسیرو سەرچاوە شەرعییەکان تێدا بووە، لە ژیانی خۆشیدا هەندێکی کردوون بە وەقفی گشتیی موسڵمانان و هەندێکی تریشی کردوون بە وەقف بۆ منداڵەکانی.

## پاراستنی نەسەبی شێخ عوسمان (سراج الدین)و شێخ عومەر (ضیاء الدین)ی کوڕی

ڕاستکردنەوەی شەجەرەو نەسەبی بنەماڵەکان، یەکێکە لە ئەرکو کارە زەحمەتەکان، بۆ سەلماندنو ڕاستکردنەوەیان پێویستی بە بەڵگەو متمانەیەکی زۆرو وردەکاریی هەیە، بۆیە کاتێك مامۆستا مەلا کەریمی بیارە لە سەرەتای بەرگی دووەمی (یادی مەردان)ەکەیدا نەسەبی شێخ سراج الدین دەنووسێ کە کوڕی خالد ئاغای، عبداللە ئاغای، سید محمدی، سید دەروێشی، سید شرف، سید جومعەی، سید زاهر ناوێکە، بە دوایدا بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بۆ چوونەکەی نووسیویەتی:

"من خۆیشم دیومە لە پشتی کتێبێکی خوا لێخۆشبوو مامۆستا مەلا بەهای ئیمامی خانەقای بیارە، بە خەتی مامۆستا مەلا بەهادین خۆی، نەسەبی شێخ عوسمان سراج الدین نوسرا بوو، هەر بەم جۆرە کە لە پێشەوە باسمان کردو لە داوێنیشیەوە مامۆستا مەلا بەها نوسیبووی: "کتبت هذا النسب من خط شیخنا عمر ضیاء الدین قدس سره"، واتە: ئەم نەسەبەم لە بەر خەتی شێخی خۆمان عمر ضیاء الدین (قدس سره) نووسیوەتەوە."[53]

---

53 یادی مەردان، مەلا عبد الکریم مودەڕڕیس، بەرگی ٢، لا: ٩.

پێم وایە ئەو کتێبەی کە مامۆستا مەلا کەریم باسی دەکاتو مەلابەها ئەو شەجەرەیەی تێدا نووسیوە، کتێبی (بغیة المسترشدین) دا نراوی (عبدالرحمن باعلوی) بێت، کە ئێستا لە بەردە ستمدایەو بەناوی شێخ (عمر ضیاء الدین)ەوە مەلا بەها بە خەتی خۆی ئاماژە دەکات کە شێخ عومەر بەم جۆرەی خوارەوە هەشت پشتی خۆی نووسیوە. پاشان ئاماژە دەکات کە شێخ عوسمان نووسیویەتی، واتە: شێخ عومەر لە باوکی وەریگرتووە. ئەمە دەقی ئەوەیە کە مامۆستا مەلابەها بەناوی شێخ عومەرەوە بە عەرەبی نووسیویەتی: "أنا عمر، ابن عثمان، ابن خالد، ابن عبدالله، ابن محمد، ابن سید درویش، ابن السید مشرف، ابن سید جمعه، ابن السید ظاهر..". پاشان مەلابەها بە خەتی خۆی بەفارسی نووسیویەتی: "شێخ سراج الدین بە خەتی خۆی لە حاشیەی (فرائض) نووسیویەتی: "کتبه عثمان ابن خالد ابن عبد الله.. طویلي الأصل."[٥٤]

ئەم بایەخدانەی پێشینان بە نەسەبو شەجەرەی بنەماڵەکان بەتایبەتی بنەماڵەی زانایانو ناوداران– دابێکی باو بووە، کاریگەریی زۆریشی هەبووە لەسەر پاراستنی لایەنێك لە مێژووی نەتەوەکەمان، تەنانەت زانا موسڵمانەکان بۆ ئەم لایەنەگەشەیان دا بە زانستێك

٥٤ بڕوانە پاشکۆی ئەم کتێبە بۆ بینینی ئەو نووسراوەی سەرەوە بە خەتی مەلا بەها.

بەناوی (علم الانساب) وا تە: زاذ ستیی ڕە چەڵەکەکان. واد یارە مەلا بەهاو پێ شتر باپیرانی شی گرنگی یان بەو زاذ ستە داوە، چونکە لە جێیەکیتردا ئا ماژەم کردووە کە مەلا بەها تا هە شت پ شتی خۆی پاراستووە، لەوەش زیاتر مەلا عەزیز کە یەکێك بووە لە براکانیو لە حیجاز وەفاتی کردووە– لە پەراوێزی کتێبێک یدا تا شازدە پ شتی باوباپیرانی نووسیوە، بەڵام بەدا خەوە من ئەو دەستنوو سەی مەلا عەزیزم بۆ نەدۆزرایەوە.

## عیرفانو خواناسیی مامۆستا مەلا بەها

به پێی قسەی پیرو کەسە بەتەمە نەکانی هەورامانو زۆر ێك لەو زا ناو ناودارا نەی مەلا بەهایان بیذ یوە، یان با سیان لە پێ شینانی خۆیا نەوە بۆ کراوە، دەرئە کەوێ کە مەلا بەهای ب یارە لە کەنار حوجرەو زاذ ستو دەر سگوتنەوەدا، گرنگی یەکی تای بەتی داوە بە تەزکیەو عیرفانو خواناسیو خۆ پەروەردەکردن. زۆر بەی کاتی لە شەوو ڕۆژدا دەچووە خزمەتی قورئانی پیرۆزو زۆر کاتی تری شی بە زیکرو یادی خواو ئەوراد خوێندنەوە بەسەر دەبرد.

ئەوانەی لەنزیکەوە دیویانە دەڵێن: زۆربەی کات دەمی بەزیکرەوە بوو، بەتایبەتی لەکاتی فەرا غدا، دوور لەکاتی دەر سگوتنەوە. کاك (بەشیر تەوێڵەیی) –خوشکەزای مامۆستا مەلا بەها– بۆی گێڕا مەوە وتی: مێردمنداڵ بووم، لە گەرما یەکی ذ یوەڕۆی ڕەمەزا ندا، خاڵۆم

(واته مەلابەها)م بینی، وتی: بەشیر! ڕۆڵە! بەڕۆژوویت؟ وتم: بەڵێ، خاڵە گیان. وتی: ئافەرین. دەی زیکری ( یا عزیز!) زۆر بخوێنە، با تینوو یەتیت لەبیربچێتەوە. منیش خوێندمو تینوو یەتیم لەبیر چووەوە..[55] بەو جۆرە مەلابەها ویستویەتی هانی گەنجان بدات کە زۆر لەیادی خوادا بن‌و دەم بەزیکر بن.

زۆرێك لە زانایانی هاوتەمەنی‌و ئەوپێشینانە، چەندین جار دوپاتیان کردۆتەوە کە مەلابەها پەنجا ساڵی تەواو- واتە لە ساڵی (١٨٩٨ بۆ ١٩٤٨ز) لە مزگەوت‌و خانەقاو نوێژی جەماعەتی خانەقای بیارەدا نەبڕاوە، مەگەر لەکاتی سەفەرکردنیدا، یان لەحاڵەتی نەخۆشییەکدا کە خستبێتییە سەر جێگە.

مامۆستا مەلا کریم دەڵێ: "لەبەشی زۆری سەردەمی شێخ عەلادیندا لە بیارە مامۆستا مەلا بەها ئیمامی خانەقاو سەرحەڵقەی خەتم‌و تەهلیلە بوو.."[56]

لێرەدا ڕاستییەك هەیە ذکوڵی لێ ناکرێت، ئەویش کاریگەریی شێخانی نەقشبەندی -بەتایبەت شێخ عومەرو شێخ نەجمەدین-

---

٥٥ لە دیدارێکی تایبەتیدا، کە لە ماڵی خۆمان لە ٢٠١٠/١٠/٣٠، لە گەڵیدا ئەنجامم دا.

٥٦ یادی مەردان، مەلا عبد الکریم مودەڕڕیس، ٣١٣/٢

بووه له سەر مەلا بەهاو، زۆرێ کیتر له مەلاو فەقێو هاووڵاتیانی کوردستان بەگشتیو هەورامان بەتایبەتی.

مەلا بەها پاش گەڕانەوەی له ناو چەی موکریانی خۆرهەڵاتی کوردستان، بەیعەتی تەمەسسوك دەدا بە شێخ عومەر، کە پیاوێکی زۆر خواناسو بەهیممەت بووەو، لە خزمەتی زاد ستو حوجرەکاندا بووەو، بۆخۆی قوتابخانەی بیارەی زیندوو کردۆتەوە. پاش وەفاتی شێخ عومەر له ساڵی (١٩٠٠ز)دا، (شێخ نجم الدین)ی کوڕی دەبێتە ڕابەری تەریقەتەکەو، متمانەیەکی زۆر بە مەلابەها پەیدا دەکا، بۆیە دەیکاتە خەلیفەی خۆیو مۆڵەتی ڕابەرییو ئیرشادی دەدا تێ، لەو ڕووەوە کە هەم زاناو شەرعزانێکی باش بووە، هەم وەك و تمان متمانەی بە ئاینداریيو خواناسیی و لایەنی سلوکی هەبووە.

مامۆستا مەلاکەریم دەڵێت: "مامۆستا مەلابەها لەخانەقای بیارە ئیمامەتو کاروباری وەعزو ئادابی ئیسلامەتیو مورید یەتی بۆ خەڵکی باس دەکردو لە ژوورە تایبەتییەکەی خۆیدا، یان قورئانی خوێندۆتەوە، یان کتێبی موتاڵەعە کردووە، یان دەرسی وتووەتەوە، بەتایبەتی زاد ستی ( فرائض).." هەروەها دەڵێت:".. من کەمجار مامۆستا مەلابەهام بینیوە بێ ئیش بووبێ. هەروەها زۆر قانیع بووەو بەردەوام ئەمری کردووە بەچاکەو نەهی کردووە لەخراپە.."[٥٧]

---

٥٧ گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (٢٢)، ساڵی چوارەم، ٢٠٠١ز، لاپەڕە ٣٦.

هەر لە بارەی خواناسیی مامۆستاوە، بەتەمە نەکانی شارۆچکەی بیارەو ئەوانەی بینیویانە دەڵێن: "مەلا بەها هەمیشە دەم بەویردو زیکر بوو، زۆر دژی غەیبەتکردن بوو. خاتوو رابعەی خوشکەزای –کە دەکاتە هاوسەری مەرحومی مەلامحمدی خورماڵ– دەیگوت: " خالۆم –واتە مەلا بەها– نەیهێلاوە بەحەیاتی لەفزی خراپ بێ بەدەمیدا. دائیمەن ویردی ئەخوێند، لە مەجلیسدا قەت نەیدەهێلا غەیبەت بکرێ. زۆر حەڵاڵو حەرامی لێکداوە تەوە. بە حەیاتی حەرام نەچووەتە ناو سکی. دائیمە ئەیفەرموو: لوقمەی حەرامم لێ بووە بەئاگر.." هەروەها دەیگوت:".. مەلا بەها لە ماوەی پەنجا ساڵدا بەردەوام نوێژی جەماعەتو ئیمامەتی کردووە لە خانەقای بیارە، مەگەر لەبەر عوزرێك.".

مامۆستا مەلاحەمەیوسفی کوڕی مەلا سەعیدی سێفی بۆی گێڕاوەتەوە، کە مەلا سەعیدی باوکی لە سەردەمی مەلا بەهادا لە مەدرەسەی بیارە خوێندویەتی، سەرنجی داوە کە مامۆستا مەلا بەها زۆر دڵی داوە بەجەوهەرو ناوەرۆکی نوێژ، ئەوەش وای کردووە کە جوولەو دەستجوڵاندنی لە نوێژدا هەبێت. مامۆستا مەلا سەعید نەیزانیوە چۆن تێبینییەکەی پێ بڵێت، ئاخری پێی ناوە بە جەرگیداو

پێی وتووە. مەلا بەهاش زۆری پێ خۆش بووەو وتویەتی: جا بۆ چی زووتر قسەت نەکرد؟! [58]

لە بارەی دونیانەویستیشیەوە، دەڵێ: "مەلا بەها هەر هەدیەیەکی بۆ بهاتایە دەیدا بە فەقێکان. بۆ نموونە: خامی بۆ هێنراوە، داو یەتی بە هەدیە بۆ فەقێ موحتا جەکانو خو شکەکەی بۆی دوور یون، لە کاتی دوورینەکەدا مەلابەها بە خوشکەکەی وتووە: با ئەو قوتیلەی ڕووناکی یە بە خۆڕایی نەگرێ، با گوناه تان نەگات، لە بەر ئیشو خاتری خۆمان." [59]

مامۆستا ئیبراهیمی بێراوەیی –مامۆستای مەدرەسەی شافعی لە هەولێر– کە یەکێکە لەوانەی بۆ ماوەیەك قوتابی مەلا بەها بووە، لە دیمانەیەکدا دەڵێ: "مامۆستا مەلا بەها خەلیفەی شێخ بوو، بەردەوام ئیمامەتی دەکرد، فەقێ دەچوون بۆ بەرەکەت تەفسیرو تەجو یدیان لە خزمەتیدا دەخوێند. من خۆم دەرسم خوێندووە لە خزمەتیدا، ئەو

58 لە دیدارێکی تایبەتی نوسەردا لەگەڵ بەڕێز مامۆ ستا مەلا حەمەیو سف، لە ٢٠١٥/٥/٢٥ز، شایانی باسە مامۆستا مەلا سەعید، لە ١٩٧٩ز کۆچی دوایی کرد.

59 هەمان سەر چاوە، لا: ٣٨. ئەم د یداری گۆ ڤارە لە ١٩٩٩/١٠/٢١ز لە گەڵ ئامۆژنم خاتوو ڕابعە ئەنجام دراوە. (هەمان ژمارەی پێشەنگ).

کاته تەمەنم ١٨ ساڵ بوو، وا ئەزانم ساڵی (١٩٤٥ یا ١٩٤٦ز) بوو، مەلابەها بەرەکەت بوو، چونکە وەلی بوو." ٦٠

سەبارەت بە پابەندیی مەلا بەها بە نوێژی جەماعەتو مزگەوتەوە، زۆرێك لە مەلاکانی ئەوکاتەی بیارە کە فەقێ بوونو دوا تر بووبوونە مەلا، هەروەها بەپێی قسەی باوکم –بە ڕەحمەت بێ– دەڵێن: مەلا بەها بەیانیان لەگەڵ بانگدا ئەچووە حوجرەی فەقێکانو هەڵی ئەساندن بۆ نوێژی بەیانی، بۆ ئەوەی ڕایان بێنێ لەسەر نوێژی جەماعەت.

مەلا عەلی توتاقاچ، جوانی وتووە کە دەزگای مەدرەسەو خانەقاو کەسەکانی بیارەی چواندووە بە کۆمەڵەی خۆرەوە، کاتێك شێخ عەلادینی چواندووە بە خۆرو مامۆستا مەلاکەریم بە مانگو مامۆستا مەلا بەها بە زوهرەو فەقێکان بە ئەستێرەکانی کاکێشان.. دەشڵێت: "ئەگەر بما نەوێت نموونە بهێنینەوە بەوەی منو هەزارکە سی دی دیومانە بە خانەقای بیارەوە، دەبێت ئەوە بڵێین". ٦١

---

٦٠ ئەم دیدارە لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم نەجمەدین، لە ١٩٩٩/١١/١ز ساز کراوە، لە لایەن ژمارەی سەرەوەی گۆڤاری (پێشەنگ)ەوە.

٦١ ژیاننامەی مامۆستا مەلاکەریم، م.م. عەلی محمد عەلی وەیسی، لا: ٦٦.

مامۆستا عەلادین سەجادی دەڵێ: "مەلا بەهای بیارە ئەیوت: کە پیاو بەلای گۆڕستانا ئەڕوا دڵی لە (ئاوێسەر)و (حەوش‌و بارانی)[٦٢] ش هەڵئەکەوێ. ئەیانوت: قوربان! بۆچی؟ ئەیوت: خوا ئەیزانێ ئەمانەی کە لێرەدا ڕاکشاون، چ نازداران‌و چاوکاڵان‌و شۆڕە سوارانێکن! بەچیدا ئەزانین ئاوێسەرو حەوش‌و بارانیش لە ژێرەوە پڕ نین لەمانەو لەسەرەوە وا گوڵاڵەو هەڵاڵە ئاخڵەیان داوە".[٦٣]

لە نەوەکانی (مامۆستا مەلا بەها)ش، مامۆستا صەلاحەدین محەممەد لە دیدارێکدا لەگەڵ گۆڤاری (پێشەنگ)، باسی هەندێك لایەنی کەسێتیی مەلا بەهای باپیرمان دەکات‌و دەڵێت: "بەڕاستی ناسینی باوام (مامۆستا مەلا بەها) دەکرێ لە ڕێگەی باوکمەوە (مامۆستا مەلا محەممەد) صیفەتەکانی زیاتر ئاشکرا ببن. باوکم پەروەردەکراوی ئەو بووە، هەربۆیە وەك مەشهورە زاهیدو موتەعەففیف بووە. لەکاتی پێویستی لەسەر ڕاستی زۆر توند بووەو موستەغنی بووەو مەرامی نەبووە بۆ کەس‌و بە کەسیش مەرامی نەبووە. زۆر بەخزمەت بووە بەبنەماڵەی شێخ‌و خانەقای بیارە. علی الأقل بەو هاتوچۆیەی

---

٦٢ تێبینی: (ئاوێسەر) لە تەوێڵەو (حەوش‌و بارانی) یان ( هەوش‌و بەدرانی) لە با خەکانی (دەرە کێ‌و دەمە یەو)ی ڕۆژ هەڵاتی هەورامانی، دوو هاوینە هەوارو سەیرانگای سەرسەوزو دڵگیرن.

٦٣ ڕشتەی مرواری، عەلادین سەجادی، بەرگی ٦، لا: ٦٩١ چاپی سنە.

خەڵکی دزاوەر بۆ بیارەو ئالودەبونیان تەنها بەوێوە زیاتر بووە لە شوێنەکانیتر. ئەمە خۆی بەڵگەیە بۆ کاریگەریی مەلا بەهاو خزمەتی بۆ شێخانی بیارە، بە تایبەتتر. لە هەمان کاتیشدا باوام خەلیفەی ئەو شێخانە بووەو زۆر ئەهلی سیقە بووە لە خزمەتیاندا. زۆریش مەبەستیان بووەو، چەندین ناوچەو شوێن گەڕاوە بۆ ئیرشادو بڵاوکردنەوەی تەریقەتو دەبێتە یەکێك لە ڕوکنە سەرەکییەکانی بیارە، چونکە خەلیفەی شێخ عومەری ضیائەددینو شێخ نەجمەددینو شێخ عەلادین بووە. ئێمە شانازی دەکەین بە باوامانەوە (مامۆستا مەلا بەها."[٦٤]

مامۆستا (شێخ محمدبەرزنجی)ش (بەڕەحمەت بێت) لەکاتێکدا کە پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بوو، لەدیدارێکدا گوتوویەتی: "مامۆستا مەلا بەها، عالمێکی خواپەرستو موتتەقی بوو، لە خانەقای بیارە ئیمام بوو، ڕەئیسی حەلقەی زیکر بوو. مامۆستا مەلا بەها، عالمێك بوو کە هەموو موعجەب بوون بە جوهدو تەقوای ئەو زانایە."[٦٥]

---

[٦٤] گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (٢٢)، ساڵی چوارەم، ٢٠٠١ز.

٦٥ (لە خزمەت مامۆستای گەورەی خورماڵدا)، صلاح الدین محمد بهاء الدین، (ڕەشنووس)، لا: ٣٦.

# ڕێزگرتنی مەلا بەها لە ئافرەتو مافەکانی

مەلابەها بەو پێیەی زانایەکی بەتەقواو خواناس بووە، زۆر ڕێزی لە ژنان گرتووەو، زۆر ناڕەحەت بووە بەوەی کە زۆر کەس لە مافی ژنانی خواردووە، زۆر جار لە پیاوانی گوندەکەی خۆی زویر بووە لەبەرئەوەی لە دابەشکردنی میراتدا گزییان لە کچان یان خوشکانیان کردووە، یان بەشیان نەداون، یان ڕووگیریان کردوونو کچان بە ڕوودەربایسی لە پشکی خۆیان لە میرات خۆش بوون بۆ براکانیان.

بە پێی قسەی ئامۆژنمو چەند کەسێك لە ڕیشسپییانی گوندی (دزاوەر) مامۆستا مەلابەها یەکێك لە هۆکارەکانی بەجێهێشتنی زێدی باوباپیرانی – واتە گوندی دزاوەر– ئەوە بووە کە زانیویەتی زۆرێك لە باخەکانی ئەوگوندە بە شەخوراوی کچانو ژنانی تێدا یەو، ترساوە لەگەڵ خواردنی بەروبومی ئەو باخانە تووشی حەرامخواردن ببێ، بۆیە گوندەکەی بەجێ هێشتووەو لە شارۆچکەی بیارە نیشتەجێ بووە، وەك خۆدوورگرتنێك لە حەرام یان بەلای کەم لە شوبهەیەك کە لێی ترساوە بەرەو حەرام بیبات!.

بەندە بۆ خۆم –جگە لە دڵنیابوونەوەی چەندجارەم لەم هەڵوێستە– بۆ زیاتر دووپاتکردنەوە لەو قسەیە، لە هاوینی ساڵی (٢٠١٠ز) دا لە مەجلیسێکی فراوانی خزمانی دزاوەردا –لە هەمان ئەو

باخا نەدا  کە مەلا بەها لێ یان  بەگومان  بووە– پر سیارم  لە  چەند ڕیشسپییەك کرد، وتیان: بەڵێ، مامۆستا مەلابەها زۆر وەرعی دەکرد، دڵنیا نەبوایە لە میوەیەك نەیدەخوارد. بۆیە هەر لەبەر ئەو مەسەلەی بە شەی ژ نان د ڵی  لەم باخا نە هەڵ کەنرا،  چونکە زۆر دو بارەی ئەکردەوە کە بەشی کچان‌و ژنان مەخۆن‌و ڕووگیر یان مە کەن.  بەڵام بیستبووی کە هە ندێك  کەس  بەگوێی نا کەن‌و  لە  کاتی بە شکردنی میراتدا کچان‌و خوشکانیان  حەیاگیر دە کەن  بۆ دە سبەرداربوون  لە بەشی خۆیان، بۆیە هاوینان وازی لە خواردنی بەروبوومی ئەو باخا نە هێ نا، مە گەر دڵ یا بووا یە  کە بە  شی  مافخوراوانی ت ێدا ن یەو خاوەنە  کەی نا  سراوو واری عە،   یان  بەروبوومی گو  ندێکیترە   لە گوندەکانی نزیکی دزاوەر، وەك بیارەو تەوێڵەو کەیمنەو هانەگەرمڵە.

ماوەتەوە لێرەدا ئەو  شایەتییە  بۆ م ێژوو  بدەم  کە  من بۆ خۆم ئاسەواری ئەو بۆچوون‌و ڕەوشتە بەرزەی مەلا بەهام  بەدیکردووە  لە مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا، لەناو ئەو خزم‌و کەسانەدا کە لێ یەوە نز یك بوون،  چونکە دە ماودەم  ئەو  باس‌و ت ێڕوانین‌و  جۆرە مامە ڵەو هەڵسوکەوتەیان بۆ یەکتر گێڕاوەتەوە، ئەویش لای خزم‌و کەسەکانی، زۆر حیساب بۆ قسەو ئامۆژگارییەکانی کراوە.

# مێژوونامەی مەلا بەها

یەکێك لەو نەریتانەی کە هەندێك لە زانا پێشووەکانی کوردستان بوویانە، نووسینی مێژووی هەندێك ڕووداوی گرنگە لەپەراوێزی دەستنووس‌و کتێبەکانیاندا، کە بایەخێکی زانستیی زۆری هەبووەو هەیە، چونکە بۆتە ژێدەرێکی گرنگ‌و متمانەپێکراو بۆ مێژوونوسانی دوای خۆیان. بەمەش خزمەتێکی گەورەیان کردووە بە مێژووی میللەتەکەمان‌و تۆمارکردنی وێستگە گرنگەکانی ڕووداوەکانی ناوچەکە.

مەلابەها یەکێکە لەوانەی کە لەزۆربەی ئەو کتێبانەیدا کە بەدەستی ئێمە گەیشتوون چەندین مێژووی گرنگی نوسیونەتەوە، وەك لەدایکبوون‌و کۆچی دوایی شێخانی بیارەو هەندێك ڕووداوی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی.

بەداخەوە لە کتێبخانەکەی مەلابەهای باپیرم بەندە تەنها شەش حەوت کتێبم بینیون‌و کتێبەکانی تری کە بە دەیان سەرچاوەی گرنگ بوون، لە سەرەنجامی ناسەقامگیریی دۆخی سیاسیی ناوچەکەو کوردستان –بەتایبەتی بیارە کە گوندێکی سەر سنورە– هەروەها لە سەرەنجامی دەساودەسکردنی زۆرەوە، نەگەیشتنە لای بەندەو نەمدیون. بەڵام لەکتێبی (قاموس)ەکەیدا –کە یەکێکە لەو کتێبانەی بینیومە– ئەم چەند زانیارییە مێژووییە هەن کە لێرەدا تۆماریان

دەکەم، بە مەبەستی سوودی گشتییو هاوکاریی ئەو کەسانەی لەسەر ژیانی شێخانی تەریقەت دەنوسن. ئومێدەوارم لە داهاتوودا بتوانرێت پەراوێزەکانی سەر کتێبەکان یان هەر نوسراوێکی تری مەلابەها بدۆزرێنەوە، یان زانیارییان لێ وەربگیرێت.

مامۆستا مەلابەها لە پەراوێزی ئەو کتێبەدا، ئەم مێژووانەی نوسیوە، کە بەندە ڕیزبەندییەکی نوێم بۆ داناونو لە پاڵیاندا مێژووی زاینیشم بۆ داناون، لەسەر ئەساسی مێژووی ساڵەکان، بۆ ئاسانکاریی خوێنەران:

- "مێژووی کۆچی دوایی شێخ سراج الدین (قدس الله روحه)، ١٢٨٣." واتە (١٨٦٦ ز).
- "لەدایکبوونی بەندەی هەژار، ساڵی ١٢٩٥." (واتە: ١٨٧٨ ز)
- "وەفاتی شێخ ضیاءالدین (قدس سره)، ساڵی ١٢٩٨، ڕۆژی دووشەممە." (دەکاتە: ١٨٨١ز).
- "وەفاتی شێخ بەهادین (قدس سره)، ڕۆژی هەینی،١٢٩٨." (١٨٨١ز).
- "وەفاتی حاجی شێخ ئەحمەد (قدس سره)، ساڵی ١٣٠٧." (١٨٩٠ز).
- "مێژووی وەفاتی ئەهلی فەزڵو کەسی کامڵ حاجی مەلا عەبدولعەزیزی برام، خوا لێی خۆشبێت، لە ساڵی ١٣٢٢، (١٩٠٥ز)

له شاری مەدینەی منەووەرە، خوا ڕێزی زیاد کات. له گۆڕستانی (بەقیع) نێژرا. خۆش بەحاڵی. !"

- "وەفاتی شێخ نجم الدين (قدس سره)، له یەکی موحەڕڕەمی ١٣٣٧." (٧ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ز).
- "مێژووی تەشریفهێنانەوەی شێخی خواناسان شێخ عەلادین –دام إرشاده– بۆ بیاره، له مانگی شەوالی ١٣٣٧." (تەموزی ١٩١٩ ز).
- "وەفاتی گەورەمان مودرەڕڕیسی بیاره (مەبەستی مەلا عبدالقادری مودەڕڕیسه)، ساڵی ١٣٣٨." (١٩٢٠ز).
- "مێژووی تەشریف بردنی گەورەی عارفان شێخ عەلادین –سایەی بەرقەرار بێت– بۆ شاری دارالسلام، بەغداد، بۆ جاری دووەم، ساڵی ١٣٣٨." (١٩٢٠ز).
- "مێژووی وەفاتی هاوسەرم حوسنا –خوا لێی خۆش بێت– ١٣٤٥، له مانگی ذوالقعدة، بەیانی ڕۆژی هەینی، له گوندی دزاوەر" (مایسی ١٩٢٧ز).
- "مێژووی وەفاتی کوڕی خۆشبەختم ئەحمەد، له ١٣ی ڕەمەزانی شەوی چوار شەممەی ساڵی ١٣٤٨ (١٩٣٠/٢/١٢ ز)، له بیاره. سوپاس بۆ خوا بەوپەڕی خۆشبەختییەوە کۆچی دوایی کردو، ئاخر قسەی (لا إله إلا الله) بوو. خۆش بەحاڵی بەهەشت ماوای بێت.

- "مێژووی بەزۆر سەپاندنی کڵاوی پەهلەوی بەسەر موسڵماناندا لەلایەن شای ئێرانەوە،ساڵی ١٣٥٤ك (١٩٣٥ز) پشت بەخوا تا سەر نابێت.. ئەو شایە هەزاران خێزانی سەرگەردان کرد، بێ ڕەحمیی زۆری کرد... (لێرەدا ڕستەیەك ناخوێنرێتەوە)."
- "مێژووی گرانیی سەخت، مەنێك گەنم گەیشتە سیوشەش قەران، لە ساڵی ١٣٣٦ھ (واتە: ١٩١٨ز)" .
- پاشان لە هەمان لاپەڕەداو پاش ٢٥ ساڵ مێژووی جەنگی دووەمی جیهانیشی نووسیوە: "مێژووی گرانی ١٣٦١ھ (١٩٤٣ز) یەك مەن گەنم بیست قران".

## حەقبێژیی و کاریگەری و هەیبەتی مەلا بەها

وا مەشهورە کە مەلابەهای بیارە حەقبێژ بووەو لەسەر حەقگوتن قسەی لەکەس نەگێڕاوەتەوە، نە شێخان و ئەهلی تەریقەت، نە زانایان و ئەهلی تەدریس، نە بەگو دەستڕۆیشتووانی ئەو کاتەو پیاوماقولأن، نە کاربەدەستانی ئەو سەردەمە. بۆیە لە هەندێك ڕووداوو هەلۆێستدا ڕەخنەی لە ئیدارەی هەندێك لە شێخان گرتووە، سەبارەت بە کاروباری خانەقای بیارە. بۆنموونە: لە زستانێکی سەردەمی شێخ عەلادیندا کە حەرەمی خانەقا لەکاتی بارانبارینداا دلۆپەی کردووەو وا دیارە وەك پێویست بەدەمیەوە نەبوون، مەلابەهاش تووڕە بووەو بە شێخ عەلادینی وتووە: جەنابی شێخ! ئەگەر هەرکەسێکیتر بوایە لەجێی تۆ، ئەمەی قبوڵ ئەکرد..؟[٦٦]

چەند کەسێك لەوانەی تا ئەم دواییانە لەژیاندا مابوون دەیانگێڕایەوە کە بەهۆی ئاسەوارەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، لەکاتی گرانی و قات و قڕییەکەی سالأنی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، نان و ڕاتبەی فەقێکانی مەدرەسە شەرعییەکەی بیارە لەلایەن خەڵکی بیارەوە –لەبەر نەبوونی و نەداریی– دەبڕری و،

---

٦٦ بڕوانە: لە خزمەت مامۆستای گەورەی خورماڵ، صلاح الدین محمد بهاء الدین، لا: ٨.

خەڵکەکە بە شێخان‌و مودەڕڕیسەکان دەڵێن: داهاتمان نەماوەو خەرجی ماڵ‌و منداڵی خۆشمان پێ مەیسەر ناکرێ، چ جای بکەوینە بیری فەقێکان..! بۆیە داواکارین خۆتان تەگبیرێك بکەن.

دیارە لەو کاتەدا شێخ عەلادین لە ناچاریدا ئەکەوێتە بیری فرۆشتنی بەشێك لە باخە وەقفەکانی خانەقا بە یەکێك لە بەگە دەوڵەمەندەکانی هەورامان، بەڵام ئەوکەسە (کڕیارەکە) لە کارو مامەڵەکە دوودڵ ئەبێ‌و قەناعەت بە قسەو فتوای کەس ناکا جگە لە مەلابەها، بۆیە کاتێك مەلابەها هەواڵەکە دەبیستێ دەڵێ: نەخێر، جائیز نیە وەقفی خانەقا بفرۆشرێ‌و، ئەبێ تەگبیری تر بکرێ بۆ فەقێکان‌و مەدرەسەکە. هەندێك دەڵێن مەلابەها وتوشیەتی: ئەی بۆچی لە باخە زۆرەکانی شێخان شتێك نافرۆشن بۆ فەقێکان؟! بۆیە سەرەنجام مامەڵەکە سەر ناگرێ، ئەو کەسە دەوڵەمەندەش دەڵێ: من نانی فەقێکان ئەدەم، تا خوا دەروویەك ئەکاتەوە.[٦٧]

ناونیشانی سەردەمەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم ڕوداوە لە ساڵی ١٩١٨ز یان ١٩١٩ز دا بووە، واتە پاش کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم، چونکە بەهۆی جەنگەوە لەو چەند ساڵەدا –١٩١٤ز بۆ

---

٦٧ لەوا نەی ئەم با سەیان بۆ پشتڕا ست کرد مەوە: حاجی سۆفی ئە حمەدی بیارەیی‌و چەند پیرێکی تری گو ندی دزاوەر بوون، کە خۆم ڕا ستەخۆ لێم بیستن‌و ساڵی (٢٠١٠ ز) لە گوندی ناوبراو بۆیان گێڕامەوە.

١٩١٩ز- له شارەزوور دەرامەتو حاصلاتێکی ئەوتۆ نەبوو، ئەو پاشەکەوتەش کە خەڵکە داراو هەبووەکان هەیانبوو -لە وشکەمەنیو دانەوێڵەو دەغلٚودانی پاشەکەوتکراو- هەمووی تەواو بوو بوو، سەرباری ئەوە ساڵی دوایی بێبارانیو قاتوقڕیی ڕووی کردە وڵاتەکە، بەجۆرێك خەڵکیی کەوتنە خواردنی ئاردەبەڕوو و گژو گیا.

مامۆستا مەلابەها لە دوو جێی پەراوێزی کتێبێکیدا باسی ئەم گرانییە لەدیاریکردنی گرانبوونی گەنمەوە دەخاتە ڕوو، لە شوێنێکیاندا کە تایبەتە بە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم نووسیویەتی: "مێژووی گرانیی سەخت: مەنێك گەنم گەیشتە سیو شەش قەران، لە ساڵی ١٣٣٦" دیارە ئەم مێژووە کۆچییەو دەکاتە ساڵانی ١٩١٧و ١٩١٨ی زاینی.

لە هەمان لاپەڕەدا پاش ٢٥ ساڵو لە جەنگی جیهانیی دووەمدا نووسیویەتی: "مێژووی گرانیی ساڵی: ١٣٦١، یەك مەن گەنم بیست قەران". ساڵەکە دەکاتە: ١٩٤٢و ١٩٤٣ی زاینی."[٦٨]

(ڕەفیق حیلمی)ش وەك شایەتحاڵێکی ڕۆژگارەکە لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: "هۆقەیەك ئاردی تێکەڵو پڕ لە خاكوخۆڵ چووە لیرەیەك،

---

٦٨ بڕوانە پاشکۆکان بۆ بینینی ئەو نووسینەی مەلا بەها.

ڕۆژ نەبوو لە شاری سلێمانی لە برسا، یان لەبەر نەخۆشی، دە کەس کەمتری لێ بمرێ. " ٦٩

بەهەرحاڵ، خەڵکی لە ئاوا هەلو مەرجێکدا ژیاون، سەرەڕای ئەوەش مەلابەها وەرعی خۆی تێك نەداوەو بیری لە چارەسەری تر کردۆتەوەو حەزی نەکردووە دەرگای تەئویلو تەفسیرات بکرێتەوە.

ئەو حاڵەتو کەسایەتییە بەهێزەی مەلا بەهاو ئەو موجامەلە نەکردنەی لەسەر حەق، وای کردووە کە هەموو کەس متمانەی پێی ببێ، هەم متمانە بە عەقڵیو لێزانینیو زانستی، هەم متمانە بە دینیو لەخواترسانیو دڵسۆزیی. بۆیە هێنانەوەی شێخ عەلادین لە گوندی دوورەوە بۆ بیارە بە مەلابەها دەسپێردرێ. ئەمەش بەسەرهاتێکی لەپشتەوەیەو ئەمەی خوارەوە کورتەکەیەتی:

کاتێك بۆ دانانی خەلیفەو جێگری ئیرشاد بۆ تەریقەتی نەقشبەندی –پاش کۆچی شێخ عومەری بیارە لە ساڵی (١٩٠٠ز)دا– ناکۆکیی دەکەوێتە نێوان هەندێك لە ئەندامانی بنەماڵەی شێخان، هەندێك کەس دەیانەوێ شێخ عەلادین بکرێتە جێنشین، هەندێکیتر ڕازی نابنو دەیانەوێت شێخ نەجمەدینی برای بێت. بۆیە شێخ عەلادین بیارە بەجێ دێڵێو سەرەتا دەچێتە گوندی (دەرەشیشی سەروو) لەنزیك شاری هەڵەبجەو، پاش دوو ساڵ –واتە: لە ساڵی ١٩٠٢ز دا–

---

٦٩ یاداشت، ڕەفیق حیلمی، بەشی یەکەم، لا: ٢٩.

ئەوێش بەجێ دێڵێو بار دەکا بۆ گوندی (سەولاوا)ی نێوان سنەو مەریوان.[70]

دواتر بەگزادەکانی (ڕەزاو) دێی (دووڕوو)ی دەدەنێو دەچێتە ئەوێو، خانەقاو حوجرەو ماڵو میوانخانە دروست دەکاو نزیکەی ١٨ ساڵ دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتە –واتە ساڵی ١٩١٩ز– کە شێخ (نجم الدین)ی برای وەفات دەکات، لەو کاتەدا کزییو بێنازییەك ڕوو دەکاتە خانەقای بیارە، بۆیە خەڵکی بیارەو بنەماڵەی شێخان بەکەسدا ڕاناپەرموون کە بتوانێت شێخ عەلادین لە (دووڕوو)ەوە بێنێتەوە بۆ بیارە –بەو پێیەی کە شێخ بە دڵشکێنراوی بیارەی بەجێ هێشتبوو– غەیری مامۆستا مەلا بەهادین. چونکە شکۆو هەیبەتێکی تایبەتی بووە، بۆیە تەکلیفی لێ دەکەن کە هەوڵێك بداتو بچێت بەدوای شێخدا، لەبەرئەوە کە شێخ لە قسەی مەلا بەها دەرناچێت.

دیارە ئەمکارە زۆر زەحمەت بووە، چونکە شێخ عەلادین تا ئەوکاتە هەژدە ساڵ بوو بیارەی بەجێ هێشتبوو، دڵی لێی هەڵکەنرا بوو. جگە لەوەش بەگەکانی هەورامان لە پشتی بوون، بەو پێیەی کە زاوای خۆیانە. ئەمە جگە لەوە کە لەوێش (لە دووڕوو) خانەقاو خەتمو

---

٧٠ شێخ عەلادین زاوای میرزا عبد الله خانی کوڕی شێخ محمد صادقی وەزیرە، کە لە گوندی سەولاوا نیشتەجێ بوون.

مەدرەسەو دیوەخانو میوانخانەی هەبووەو ئاسان نەبووە لێیان هەڵکەنرێ. بەڵام سەرەڕای ئەمانە مەلا بەها هەست بە بایەخی کارەکەو سەنگینی شارۆچکەی بیارەو خانەقاو مەدرەسەکەی لە دڵی هەموولادا دەکات، بۆیە دەچێ بەدەم تەکلیفەکەوەو بە پشتیوانی بەگەکانی شارۆچکەی (نۆدشەو نەوسود)و خزمەکانی خۆی، لەگەڵ چەند کەسایەتییەك دەچێت بۆ (دووڕوو)و هەرجۆر دەبێ باسەکە دەکاتەوەو وەزعی بیارەو پێگەی خانەقاو قوتابخانە شەرعییەکەی دێنێتەوە پێشچاوی شێخ عەلادین، تا قەناعەتی پێدەکات کە بگەڕێتەوە. شێخیش لە قسەی مەلا بەها دەرناچێت، چونکە ڕێزێکی تایبەتی لێ گرتووە.

وەك پێشتر وتمان ئەم بەسەرهاتە لە ساڵی ١٩١٩ی زاینیدا بووە، بەرامبەر ١٣٣٧ی کۆچی، چونکە مەلابەها لە پەراوێزی کتێبی (قاموس اللغة)دا هەم وەفاتی شێخ (نجم الدین)ی نووسیوە، هەم گەڕانەوەی شێخ عەلادین، کە ئەمە دەقەکەیەتی: "وەفاتی شێخ نجم الدین (قدس سرّە)، لە یەکی موحەڕڕەمی ١٣٣٧." (تشرینی یەکەمی ١٩١٨ز).. مێژووی تەشریف هێنانەوەی شێخی خواناسان شێخ عەلادین - دام إرشادە- بۆ بیارە، لە مانگی شەوالی ١٣٣٧." (تەموزی ١٩١٩ ز).

بەڵام مامۆستا مەلا کەریم دەڵێت:[71] "شێخ (عەلادین) لە ئاخری فەسڵی بەهاری ١٣٣٨ك (١٩٢٠ز)، لە (دووڕۆ) گوێزرایەوە بۆ بیارەو هەورامانی دیوی شارەزوور پێشوازیان لێکردو مستەفابەگی کوڕی جەعفەر سوڵتان بە ئەمری باوکی، هات بەپیریەوەو لە خانەقای بیارە دامەزرا. "

من بۆ خۆم پێم وایە ئەوەی مامۆستا مەلا بەها دروست بێت، چونکە گەرماوگەرم لەگەڵ ڕووداوەکان هەواڵەکەی نووسیوە، بەڵام مامۆستا مەلا کەریم دواترو لەم ساڵانەی دواییدا بیرەوەرییەکانی نووسیوەتەوە، بەڵگەش ئەوەیە لە بیرەوەرییەکانیدا کە بەناوی (ڕۆژگاری ژیان) بڵاوکراوەتەوە، بەڕێز ڕەئوفی مەحمودی کە ئەرکی ئامادەکردنی گرتوەتە ئەستۆ لە چەندین شوێندا هەڵە مێژووییەکانی مامۆستای ڕاست کردووەتەوە.[72]

لە بارەی حەقبێژیی مامۆستا مەلا بەهاو گوێنەدانی بە لۆمەی خەڵکی، مامم (مامۆستا مەلا محەمەدی خورماڵ) گێڕاویەتەوە کە جارێکیان لە (هانە گەرمڵە) گوندێکە لە پشت شارۆچکەی بیارەوە–

---

٧١ ڕۆژگاری ژیان، ژیاننامەی مامۆستا مەلا کەریم، م. عەلی محمد وەیس، لا: ١٠٢.

٧٢ بۆ نموونە: مامۆستا مەلا کەریم لە لا پەڕە (٢٢٨)ی کتێبی ناوبراودا، بۆ ساڵی وەفاتی مامۆستا مەلا بەها (١٣٧٨ك) نووسیوە، کە چی هەرخۆی پێش چەند دێڕێك‌و لە لاپەڕە (٢٢٧)دا ساڵەکەی بە (١٣٦٨ك) کە ئەوەیان دروستە.

کۆڕی پرسەی برای (ئەفراسیاو بەگ)ی حاکمی ئەوکاتەی ئەو ناوچەیە دەبێت، مەلابەها دەچێت بۆ تەعزیەکەو، لە وتارێکیدا لەبەر ڕۆشنایی تەفسیری ئایەتی (إن الأبرار لفي نعيم، وإن الفجّار لفي جحيم) ئامۆژگاریی خەڵکەکە دەکاتو بابەتی بەهەشتو دۆزەخیان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەفراسیاوبەگ لە پاش ئامۆژگارییەکە ئەڵێت: مامۆستا، ئەی خۆتان بۆ وا نین؟ مەلا بەهاش دەڵێت: بۆچی ئێمە وا نین؟ الحمد لله من لە تەمەنمدا هیچم نیەو خەریکی خزمەتی موسڵمانانم. ئەفراسیاوبەگ دەڵێت: نەخێر، ئێوە وانین، کەی وازتان لە دونیا هێناوە..؟ مامۆستا مەلا بەهاش ناڕەحەت ئەبێو ئەڵێت: من ڕاست ئەڵێم، لەم دونیایەدا هیچم نیە. لێرەدا مامۆستا مەلا محەممەدی مامم تێدەگات کە ئەفراسیاوبەگ لەگەڵ ئەوی نیەو ویستوویەتی قسەکە بەگوێی کەسانێکی تردا بدات، کە بە بۆنەی پێگەی دینییەوە دەوڵەمەند بوونو بوونەتە خاوەنی ماڵو سامانو باخو باخات.[٧٣]

---

٧٣ بڕوانە: لە خزمەت مامۆستای گەورەی خورماڵدا، صلاح الدين محمد بهاء الدين، لا: ٩ .

## ڕێزو پلەو پایەی مەلا بەها
## لای شێخ عومەری (ابن القرەداغی)

بەو پێیەی کە مەلا بەهاو شێخ عومەری (ابن القرەداغی) –کە زانایەکی کەم وێنەی کوردستان بوو– هاوتەمەن بوون، بە ژمارەیەکی زۆر نامەی شێخ عومەردا –کە بۆ مامۆستا مەلا کەریمی بیارەی نووسیون– دەردەکەوێت کە ناوبراو مەلا بەهای زۆر خۆشویستووەو ڕێزی تایبەتی بۆ بڕیار داوە.

مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕڕیس، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، (١٢) نامەی شێخ عومەری (ابن القرەداغی) پاراستووە، کە بۆ خۆی ناردوونیو لە هەموویاندا سڵاوی تایبەت بۆ مامۆستا مەلا بەها دەنێرێو بە گەرمی هەواڵی دەپرسێو ڕێزو حورمەتی تایبەتیی بۆ دەردەبڕێت.

مامۆستا مەلا شێخ عومەری (ابن القرداغی) بەم چەند نازناوو دەستەواژانە ناوی لە مامۆستا مەلابەها بردووە:

"موشتاقی دوعاگۆییم بۆ جەنابی فەزائل مەئاب مەلا بەهادین"[٧٤]

---

٧٤ لە نامەیە کدا کە بەرواری ( جمادي الآ خرة) ی ساڵی (١٣٤٧ك)، ١١ی (١٩٢٨ز)ی پێوەیە (ڕۆژگاری ژیانی مامۆستا مودەرریس، لا: ٣٠٢).

"بۆ خزمەتی جەنابی فەزائل مەئاب، مەلا بەهادین، عەرزی دڵسۆزی تایبەتم هەیە."[٧٥]

– لە دوو نامەی تردا کە لە ٨ی ڕەجەبی (١٣٤٨ك) (١٩٢٩/١٢ز)و (٢٠ی جەمادی یەکەمی (١٣٤٩) (١٩٣٠ز) ناردوویەتی، هەمان ڕستەی سەرەوەی نووسیوەتەوە. [٧٦]

– لە نامەیەکی تردا بە مێژووی ٨ی ذو الحجةی ١٣٤٩ك (٢٦/٤/١٩٣١ز)، نووسیویەتی: "عەرزی دڵسۆزیم بۆ جەنابی فەزائل مەئاب مەلا بەهادین هەیە."[٧٧]

– لە نامەیەکی تردا بە مێژووی ٧ی ربیع الأول ١٣٤٩ك (٢/٨/١٩٣٠)، نووسیویەتی: "عەرزی دڵسۆزیو ئیشتیاقیم بۆ جەنابی پایەبەرز مەلا بەهادین هەیە." [٧٨]

– لە نامەیەکی تردا کە مێژووی (٢٥ی جمادی الآخرة ١٣٤٩ك) (١٦/١١/١٩٣٠ز)ی پێوەیە، نووسیویەتی: "لە خزمەتی خۆشەویستم مەلا بەهادین عەرزی دڵسۆزیم هەیە."[٧٩]

---

٧٥ لە نامەیە کدا کە (ا بن القرەدا غی) لە ٢٨ی جەمادی یە کەمی ١٣٤٨ ھ (١٩٢٩ز) بۆ مامۆستا مودەرریسی نووسیوە. (لا: ٣٠٥، ڕۆژگاری ژیانی مدرس).

لا: ٣٠٦ و ٣٢١ لە هەمان سەرچاوە.

٧٧ ٧٧ لا: ٣١٦ لە هەمان سەرچاوە.

٧٨ لا: ٣١٧ لە هەمان سەرچاوە.

٧٩ لا: ٣١٩ لە هەمان سەرچاوە.

– له نامەی (٢٤ی صفر ١٣٥٠ك) (١٩٣١ز) نووسیویەتی: "بۆ جەنابی مەلا بەهادین عەرزی دڵسۆزیو سڵاوی تایبەتو شەوقم هەیە."[٨٠]

– له نامەی (٢٤ی ربیع الأول ١٣٥٠ك) (١٩٣١ز) نووسیویەتی: "بۆ خزمەتی جەنابی مەلا بەها عەرزی دڵسۆزیم هەیە."[٨١]

– له نامەی (٢٣ی شەعبانی ١٣٥٢ك) (١٩٣٣ز) نووسیویەتی: "بۆ خزمەتی جەنابی گەورەو سەعادەت مەئاب مەلا بەهادین عەرزی دڵسۆزییو ئارەزووی دوعای خێرم هەیە."[٨٢]

– له نامەی (١١ی ذي العقدة ١٣٥٣ك) (١٩٣٥ز) نووسیویەتی: "دوعای تایبەتم هەیە بۆ جەنابی فەزائیل مەئاب مەلا بەهادین."[٨٣]

٨٠ لا: ٣٢٥ له هەمان سەرچاوە.

٨١ لا: ٣٢٦ له هەمان سەرچاوە.

٨٢ لا: ٣٣٤ له هەمان سەرچاوە.

٨٣ لا: ٣٢٩ له هەمان سەرچاوە.

## ڕێزو خۆشەویستیی شێخ عەلادین بۆ مەلا بەها

وەك لە ناواخنی هەندێك جێی ئەم بابەتەدا دەركەوت، شێخ عەلادینی نەقشبەندی ڕێزێكی تایبەتی لە مامۆستا مەلابەها گرتووە، تەنانەت ئەو پێگەو ڕێزە وایكردووە كە شێخانو پیاوماقوڵانی هەورامان تەنها بە مەلا بەهادا بپەرموون كە بینێرن بۆ گوندی (دووڕوو) بۆ ئاشتكردنەوەو هێنانەوەی شێخ عەلادین بۆ (بیارە). هەروەها ئەو ڕێزەی شێخ لەوەشدا ڕوون دەبێتەوە كە متمانەیەكی زۆری بە زانستو دڵسۆزیی مەلابەها بووە، بۆیە ـ وەك مامۆستا مەلا كەریم لە كتێبەكانیدا دووپاتی دەكاتەوە ـ هەمیشە شێخ عەلادین بۆ بابەتە گرنگو هەستیارەكان ڕاوێژی بە مەلابەها كردووەو چاوەڕێی فتواكانی بووە. تەنانەت ـ وەك باسمان كرد ـ بۆ شایەتیدان لەسەر وەصیەتەكەی مەلابەهای كردووەتە شایەت.

بۆ زیاتر سەلماندنی ئەو خۆشەویستیو ڕێزە، لێرەدا ئاماژە بە چەند نامەیەكی شێخ عەلادین دەكەم كە بۆ مامۆستا مەلا كەریمی نووسیونو، تیایاندا سڵاوو ڕێز بۆ مەلا بەها دەردەبڕێت:

ـ له نامەیەكدا كە مێژووی پێوە نیە، دەنووسێت: "دوعای خێرم بۆ جەنابانو خۆشەویستان، شێخ حەیدەرو مەلا بەهادین هەیەو سڵاوم پێیان بگەیەنە."[٨٤]

ـ له نامەیەكی تریدا نووسیویەتی: "سڵاوم بە جەنابی شێخ حەیدەرو مەلا بەها بگەیەنە، بەتایبەتی پیرۆزبایی جەژنیان لێ ئەكەم."[٨٥]

ـ له نامەیەكی تریدا نووسیویەتی: "سڵاوو دوعام بۆ جەنابی سەعادەت مەئاب، خۆشەویستی دەروێشان مەلا بەهادین هەیە، خوا تەوفیقاتی زیاد بكات."[٨٦]

## نامەیەكی شێخ عەلادین
## بۆ ماموستا مەلا بەهاو ماموستا مەلا كەریمی مودەرریس

شێخ عەلادینی بیارە، ساڵی (١٩٣٠ز) سەردانی شاری بەغدای كردووە، وادیارە پاش دوو ڕۆژ كەوتۆتە بیری بیارەو خانەقاو مەلاو فەقێكانی، بۆیە لە بەغداوە نامەیەكی تایبەتی بە فارسی ئاراستەی ماموستا مەلا بەهاو ماموستا مەلا كەریم كردووە، كە ئەمە بەرچڤەی دەقەكەیەتی:

---

٨٤ بڕوانە لا: ٣١٠، هەمان سەرچاوە.

٨٥ بڕوانە لا: ٣١١، هەمان سەرچاوە.

٨٦ هەمان سەرچاوە، لا: ٣١٤ .

بسمه تعالى

جەنابی سەعادەت مەئابان، خۆشەویستان مەلابەهادینو مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس، تەوفیقو سەرکەوتنتان بەردەوام بێت.

پشت بەخوای گەورە، بەپایەداریی لەخواترسانو گوێڕایەڵیی خواو تەندروستیو عافیەتی بەردەوام،سوودمەندنو سوودمەند دەبن.

ئەگەر هەواڵپرسیی بکەن، من ڕۆژی یەکشەممە (٨ی مانگی ذي القعدةی ١٣٤٨ك)، (١٩٣٠ز) چووینە ناو بەغدا، سوپاس بۆخوا تەندروستیمان باشەو هیچی خراپ نیە.

هەمیشە چاودێری کاروبار بنو وریاو چاوکراوە بن، کە پەرێشانیی لە هیچ کاروبارێکدا ڕوو نەدات.

خزمەتکاری مەحاسنی پیرۆزو ڕێبازی بەرزی نەقشبەندیو قادری عەلادین عومەری عوسمانی ١٠/ ئبريل/١٩٣٠ز، ١٠ ذي القعدة/ ١٣٤٨ك. [٨٧]

ئەم نامەیەی شێخ عەلادین لەکاتێکدا بووە کە لەمانگی شەعبانی ١٣٤٨ك (١٩٣٠ز) سەفەری بەغدای کردووەو فەرمانی کردووە کە مامۆستا مەلا بەها کاروباری خانەقا بەرێ بەڕێوەو مامۆستا مەلا کەریمیش ئیدارەی فەقێکان بکات. مامۆستا مەلا کەریم لە بیرەوەرییەکانیدا ئەمە ئەگێڕێتەوەو دەڵێت: "لە مانگی شەعبانی ١٣٤٨ك (١٩٣٠ز) شێخی بیارە سەفەری بەغدای کرد، منیش لەگەڵ

---

٨٧ ڕۆژگاری ژیان، بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا کەریم، لا: ٣١٢ .

مامۆستا مەلا بەهادین مامەوە لە بیارەدا بۆ ئەوە کە ئەو مەشغوڵی ئوموراتی خانەقا بێ‌و منیش مەشغوڵی تەدریس‌و ئیدارەی تەلەبەکان بم."[88] خوا لە هەموویان خۆش بێت.

## وەفاتی ئەحمەدی کوڕی مەلا بەهاو دەرسێکی عاریفانە

لە بەسەرهاتی مردنی کوڕە گەورەی مەلا بەهادا، دەرس‌و پەندێك هە یە دەر بارەی مردن‌و فەل سەفەی مردن‌و ژ یان لای عاریف‌و خواناسان.

مەلا بەها کوڕێکی بووە بەناوی ئە حمەد، کوڕێکی ز یرەك‌و خوێندەوارو خۆشەویستی بنەماڵەکەی‌و ناو مەلاو فەقێیان بووە.[89] لە ب یارەدا خوێندوو یەتی‌و فەقێ یەتی تەواوکردووەو، دەزگیرا نی بۆ گیراوەو، لەنزیکبوو نەوەی وادەی ئیجازەوەرگرتنی بۆ مەلا یەتی‌و ژنگواستنەوەدا، وەفات دەکات. بەڵام مەلا بەها لە ڕووداوی وە فاتی ئەم کوڕە یدا دەر سێکی گەورەو عاریفا نە دەدات بە کە سوکارو دۆستانی‌و مەلاکانی بیارە.

---

٨٨ هەمان سەرچاوە، لا: ١٥٦ .

٨٩ لە بە شی وێ نەو بەڵگەنا مەکانی ئەم کتێ بەدا، نموو نەی خەت‌و مۆری ئەحمەد ببینە.

سەرەتای بە سەرهاتەکە بەوە دە ست پ ێدەکات کە کات ێك ئەحمەدی کوڕی نەخۆش دەکەوێت مەلابەها پێی دەڵێ: "ڕۆڵە گیان! دنیا وەکو دەعوەتێکەو کۆتایی دێت. دنیا وەکو گەمەی منالێ وایە بە بانەوە (واتە بە سەربانەوە).. وەکو ئەوە وایە بچیتە شارەزوور یان دەشتێکی گەرمو لە گەرم یدا بچیتە ژێر درەختێکی سێبەردارو لە ژێریا ئیسراحەت بکەیت. نابێ هەر بڕۆی..؟ بەخوا ڕۆڵە دنیاش هەروا کۆتایی دێت".

بەپێی وتەی ئەوانەی ڕووداوی مردنی ئەم کوڕەیان دیوە، دەڵێن: کاتەکە ڕەمەزان بووە نزیکەی بەربانگ، زۆربەی مەلاو فەقێکانی بیارە هاتوون بۆ ماڵی مەلابەها بۆ عیادەتی ئەو کوڕەی کە لەحاڵی خۆیدا بووە. وادیارە لەکاتی بانگدانی ئێوارەدا مامۆستا مەلابەها خۆی لەنزیك سەریەوە دانیشتووە، زانیویەتی کە خەریکی گیان لەدەستدانە. سەری داپۆشیوەو نەیهێشتووە کە مەلاکانو میوانەکان بزانن، بۆ ئەوەی بەربانگکردنەوەیان لێ تێکنەچێو بەئاسایی ڕۆژووەکەیان بکەنەوە! کاتێ هەندێك لە مەلاکان ویستوویانە بچنە سەر سەری ئەحمەد، مەلابەها وتوویەتی: ئەحمەد ئیسراحەت ئەکات، جارێ وازی لێ بێنن، بەربانگەکەتان بکەنەوە.! پاشان مەلابەها داوای کردووە کە سفرە ڕا بخەنو بەربانگ بکەنەوە، بۆ ئەوەی خەڵکەکە نەکەونە زەحمەت لەکاتی شوشتنو کفنو دفنو بەخاك سپاردنیدا.

خاتوو رابعەی خوشکەزای مەلابەها (واتە هاوسەری مەرحومی مەلا محەممەدی خورماڵ) کە خۆی شایەتحاڵی ئەو بەسەرهاتە بووە، دەڵێت: "مەلابەها کە زانی ئەحمەدی کوڕی مردووە چەتفەکەی دا بەسەریدا، ئنجا لێفەکەی دا بەسەریدا. مەلاکان ئەو ئێوارەیە میوان بوون، وەك مەلا عبدالكريمو مەلا ئەبوبەکرو هەندێکی تر. مەلابەها داوای نانی کردو میوانەکان نانیان خوارد. پاشان داوای چایی کرد، خۆی هەر کەوچکەکەی ڕائەدا لەناو پیاڵەکەدا. کە میوانەکان لێبوونەوە لە چایخواردن هەستایە سەرپێو، وتی: پێش ئەوەی شێخ حەیدەر بێت با ئێمە ئەحمەد ببەینو بچین. شێخ حەیدەر پیاوێکی پیری وەلی بوو، ڕیشی سپی بووبوو، ژنی نەهێنابوو. (دیارە بۆ کاروباری کفنو دفنو ئەو ڕووداوانە بەدەم موسڵمانانەوە بووە). دوای ئەوەی کە مەلاکان زانییان ئەحمەد وەفاتی کردووە، وتیان بە مەلابەها: قوربان بۆ قسەت نەکرد؟ وا ئێمە بە ئیسراحەتی خۆمان نانمان خوارد؟!

بە هەرحاڵ لەبەر ئەوەی شەو بوو، ئەو کاتە ئیمکاناتو کارەباش نەبوو، تەرمی ئەحمەدیان برد بۆ خانەقای بیارە. (ئەوەمان لەبیر نەچێ کە بەپێی قسەی خاتوو رابعە، هەموو شەوێکی ڕەمەزان دوای تەراویح ئەهلی جەماعەت دەهاتن بۆ ماڵی مەلابەهاو لەوێ کۆ دەبوونەوە). ئەحمەدیان بردە خانەقاو، ئەوشەوە تا بەیانی زیکریان

کردو قورئانیان خوێند بەسەریەوە. ڕۆژی دوایی لە ملەگای چنار (شوێنێکە نزیك بیارەو، قەبرستانە) لای باوەگەورەی (باوکی دایکی) ناشتیان"[٩٠].

خزمانی مامۆستا مەلابەها دەڵێن: ئەم ئەحمەدە کوڕێکی نازدارو خۆشەویست بووە، خوێندنی فەقێیەتی تەواو کردووە، خۆی حازر کردووە کە ئیجازەی مەلایەتی وەربگرێت. هەمان کات خەریکی ڕێکخستن‌و تەداروکی ژنهێنان بوون بۆی چونکە دەزگیراندار بووە، بەڵام لە ناکاو نەخۆش کەوتووەو وەفاتی کردووە.

مامم –مامۆستا مەلا محەممەدی خورماڵ بە ڕەحمەت بێ– دەیگوت: ئەحمەدی برام زۆر خۆشەویستی باوکم بوو، لەبیرمە جارێکیان لە باخەکانی ملەگای چنار (نزیك بیارە) یاریمان دەکرد، سەیرم کرد باوکم (مەلابەها) هاتووەو ئاوی خواردنەوەی بۆ هێناوین. وتی: وتم، منالْن یاری ئەکەن‌و تینوویان ئەبێ بە خۆیان نازانن، با ئاویان بۆ بەرم.![٩١] شایانی باسە نێوان ئەو شوێنە (ملەگای چنار) تا خانەقای بیارە یان ماڵی مەلابەها، مەسافەیەکی زۆرە، بە تایبەتی بۆ

---

٩٠ چاوپێکەوتنی گۆڤاری (پێشەنگ) لە گەڵ خاتوو رابیعەی ئامۆژنم، ژمارە (٢٢)، ساڵی ٢٠٠١ز.

٩١ مامۆستا حسین محمد بهاء الدین (کوڕی گەورەی مامۆستا مەلا محە ممەدی خورماڵ) یش چەند جارێك ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕاومەتەوە.

کەسێکی بەتەمەن‌و بەهەیبەتی وەکو ئەو، کە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاوە.

بەهەرحاڵ سەرەڕای ئەوە کە مەلابەها زۆر میهرەبان بووە لەگەڵ منداڵان، ویستوویەتی پەروەردەشیان بکات‌و، نازپێدانیان ببێتە هۆی صالحی‌و ڕەوشت بەرزییان.

دەگێڕنەوە ئەم ئەحمەدەی کوڕی مەلابەها سەعاتێکی جوانی هەبووەو زۆر خۆشی ویستووە، لەکاتی نەخۆشییەکەیدا بە مەلابەهای باوکی وتووە: باوەگیان! ئەم سەعاتەم بفرۆشەو، بمبە بۆ سەر دکتۆر! باوکیشی پێی دەڵێ: جا ئەحمەد گیان سەعاتی تۆ بۆ بفرۆشم؟ کتێبی زۆرمان هەن‌و دوو سێ کتێب ئەبەم‌و ئەیانفرۆشم‌و ئەتبەمە سەر دکتۆر. بەهەرحاڵ ئەجەل مۆڵەتی نەدا کە نە سەعاتە نایابەکەی ئەحمەد، نە کتێبە بەنرخەکانی مەلابەها بفرۆشرێن‌و، بەو شێوەیە کە باسمان کرد ئەحمەد لە ئێوارە وەختێکی ڕەمەزاندا کۆچی دوایی دەکات.

مامۆستا مەلا کەریم دەربارەی نەخۆشکەوتنی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلابەها دەڵێت: "ساڵی ١٣٤٨ك (١٩٣٠ز) شێخ بە خەیاڵی سەفەری بەغدا ڕۆیشت بۆ ئەوبەری سیروان بۆ دێی (گۆمە).. من‌و مامۆستا مەلا بەهادین لە بیارەدا مەشغوڵی وەزیفەی خۆمان بووین.. بەڵام لەو ماوەیەدا مەلا ئەحمەدی کوڕی مامۆستا مەلا بەهادین ناساغ

بوو، زۆر ناساغییەکەی ڕوو بەشیددەت بوو، لەبەرئەوە نامەیەکمان نووسی بۆ شێخ کە دوعای خێر بکا بۆ مەلا ئەحمەد. شێخ لەجوابا ئەم نامەیەی نووسی بۆم"[٩٢]. (لە نامەکەی شێخ عەلادیندا هاتووە):

"بۆ جەنابی خۆشەویستان شێخ حەیدەرو مەلا بەهادین دوعای خێرم هەیەو سەلامیان پێ بگەیەنە، تەمەننای شیفام بۆ نوری چاوم مەلا ئەحمەد هەیە، هیوادارم لای خوا قبولّ بێت."[٩٣]. بەڵام لەسەر تەقدیری خودا لە ١٨ی ڕەمەزانی ١٣٤٨ك (١٩٣٠/٢/١٧) مەلا ئەحمەد بەو ناساغییە وەفاتی کرد، (إنا لله وإنا إليه راجعون)".

پاشان مامۆستا مەلا کەریم دەڵێت: "ئەم کوڕە لەبەرئەوە کوڕێکی عاقڵو صالحو خوێندەوار بوو، وەفاتەکەی زۆر تەئسیری کرد لە دڵی مامۆستا مەلا بەهادینا، بەڵام لەبەر ئیمانو تەقوای خۆی، بە صابریو تەشەککوراتی خوداوە وەختی ڕائەبواردو تەسلیەی دڵی خۆی بەڕەحمەتی خودای تەعالا ئەداو نامەی تەعزیەش لەلایەن شێخەوە بۆ مامۆستا مەلا بەهادین هات. "[٩٤]

مەلا بەهای باپیرم دەربارەی وەفاتی ئەم کوڕە خۆشەویستەی لە پەراوێزی کتێبی (قاموس اللغة)کەیدا بەمجۆرەی نووسیوە: "مێژووی

---

٩٢ ڕۆژگاری ژیان، بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا کەریم، لا: ١٥٧ .

٩٣ هەمان سەرچاوە، لا: ٣١٠ .

٩٤ هەمان سەرچاوە، لا: ١٥٧ .

کۆچی دوایی ئەحمەدی خۆشبەختو سەعادەتمەندم لە (١٣)ی ڕەمەزانی شەوی چوارشەممە بوو لە بیارە، لە ساڵی ١٣٤٨ کۆچی، (دەکاتە: ١٩٣٠/٢/١٢)، سوپاس بۆخوا بە خۆشبەختیی تەواو کۆچی دوایی کردو دوا وتەی (لا إله إلا الله) بوو، خۆش بە حاڵیو بەهەشت خۆشترین جێگەی بێت.[٩٥]

## مەلا بەها و بەسەرهاتی گۆڕهەڵکەندن بۆ خۆی

مامۆستا مەلابەها پاش تەمەنێکی پڕبەرەکەتو خزمەتێکی زۆر بە مەدرەسەو خانەقای بیارەو موسڵمانانی هەورامانو شارەزوورو کوردستان بەگشتی، لەساڵی ١٩٤٩ زاینیدا نەخۆش دەکەوێ، بە پێی قسەی کەسە زۆر نزیکەکانی، وەك باوکمو، مامم ـ مامۆستا محەمەدی خورماڵ ـ و، خاتوو رابیعەی خێزانی ـ بە ڕەحمەت بن ـ دەیانگوت:

مەلا بەها سێ مانگ پێش وەفاتی نەخۆش کەوتووە، بەڵام لە چەند ڕۆژێکدا چاکبۆتەوە، ئیتر لەو چەند ڕۆژەدا هەموو ڕۆژێك سەردانی گۆڕستانی (ملەگای چنار)ی کردووەو لە قەبرەکان ورد بۆتەوە. دواتر کفنی بۆ خۆی کڕیوەو داویەتی بە خاتوو (خەیریە)ی خوشکی ـ

---

٩٥ دەقە فارسییەکەی بەم جۆرەیە: "تأريخ فوت فرزند سعادتمند أحمد، در١٣ ماه رمضان، شب چهار شنبه، در بیاره، سنه ١٣٤٨ هـ ، له الحمد ، به سعادت كامله، وآخر كلامش (لا إله إلا الله) بود، طوبى له وحسن مآب." ( پەراوێزی بەرگی (قاموس اللغة)، بە خەتی مەلا بەها خۆی).

که دەکاتە دایکی خاتوو رابیعەی هاوسەری مامۆستای خورماڵ ـ بە پێی قسەی ئامۆژنم دەیگوت: دایکم بە مەلابەهای وتووە: خوا قبوڵی ئەکات برا! وا لە من ئەکەی؟ واتە: کفنی خۆتم ئەدەیتێ بیدوورم؟! بەهەرحاڵ هەرچۆن بووە کفنەکەیان بۆ دووریوە، دواتر بە باڵای سۆفییەکدا بەناوی سۆفی محەمەد گرتوویانە، کە وەك مامۆستا مەلابەها باڵای بەرز بووە. پاش دوورینی کفنەکە، مەلابەها خۆی ئەچووە ناوی‌و تاقی ئەکردەوە.

ئامۆژنم دەیگێڕایەوە، دەیگوت: خاڵۆم ـ واتە مەلا بەها ـ ناردی بە دوای دایکمدا ـ خەیریە ـ منیش لەگەڵی ڕۆیشتم، لەوێ ژنەکەی تری خاڵۆم (خەلیفە مروەت) سوورو ئاشکرا بەدایکمی وت: مەلا بەها مردنی نزیکە، خۆی وتوویەتی. دایکیشم ـ کە بێوەژن‌و هەتیوبار بوو ـ زۆری پێ ناخۆش بوو کە ڕیعایەتی دڵی ناکاو بەو شێوازە قسەی لەگەڵ دەکات.

پاش دوورینی کفنەکەی، مەلا بەها کەوتە بیری هەڵکەندنی گۆڕێك بۆ خۆی‌و ڕاوێژی کرد بە شێخ (علاء الدین)ی بیارەو شێخان‌و بنەماڵەو پیاوماقوڵان، ئەوانیش جێیەکیان لە شوێنێکی پشتەوەی ئەو ژوورانەی خانەقا بۆ دیاری کرد، کە ئێستە گۆڕی شێخ عومەری (ضیاء الدین)و شێخ (علاء الدین)ی تێدایە، بە هاوکاریی چەند سۆفییەك گۆڕەکەی هەڵکەندو ڕۆژانە ئەچووە سەری‌و قورئانی لەسەر ئەخوێند.

مەبەستی مەلا بەها لەم کارانە ئەوەبوو کە وەك لەژیانی خۆیدا نەبۆتە مایەی ئەزیەتو ناڕەحەتکردنی هیچ کەسێك، لەپاش مردنیشی کەس تووشی ناڕەحەتی نەبێت، نە لە کفنکڕینو دوورینیدا، نە لە قەبر هەڵکەندنیدا. بەڵێ پیاوانی بۆ خوا صوڵحاو ئاوا بوونو زۆر مەبەستییان بووە کە کاتێك ماڵئاوایییان لە دونیا کرد، حەقی کەس نەکەوێتە سەریانو قەرزاری کەس نەبنو نەبنە مایەی زەحمەت بۆ هیچ کەسێك.

یەکێك لەو ئافرەتە بە تەمەنانەی کە لە هاوینی ساڵی (٢٠٠٨ز)دا چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردن، خاتوو رابیعەی کچی حەمەلاو ئاغا– لە بنەماڵەی ئاغا بەگی بیارەیە ـ وتی: "بیرم دێ کە مەلا بەهای باپیرت وەفاتی کرد. ئێمە کچە عازەب بووین، لە پشت خانەقاوە چاومان لێبوو قەرەباڵغی دروست بووبوو، وتمان: ئەوە چیە؟ وتیان: ئەوە مامۆستا مەلابەهایە خەریکی هەڵکەندنی قەبری خۆیەتی، دوای چەند ڕۆژێك وەفاتی کرد. مەلا بەهای باپیرت وەلیی خوابوو.. من لە بیرمە خەڵکی بیارەو ناوچەکە زۆر عەقیدەو بڕوایان بە صاڵحیی مەلا بەها هەبوو..". هەروەها ڕابیعە خان وتی: "هەموو کەس سامی ئەکرد لە مەلا بەها، هەمیشە لە مزگەوتو خانەقا بوو، دوای وەفاتی ئەو خوێندنو عیلمو فەقێیەتی لە بیارەدا نەما." [٩٦]

---

٩٦ دیداری تایبەتی نوسەر لەگەڵ خاتوو ڕابیعە خانی حەمەلاو ئا غای بیارەیی، لە (٢٠٠٨/٧/٢ز) لە ماڵی خۆمان لە شاری سلێمانی، گەڕەکی ئاشتی.

مامۆستا مەلا کەریمی بیارەش ـ کە ماوەیەکی زۆر لەژیانی مەلابەها ئاگادار بووە ـ ئەم هەواڵی قەبر هەڵکەندنە پشتڕاست دەکاتەوەو، دەڵێ: "ئەم زاتە لە ساڵی (١٣٦٨ کۆچی، ١٩٤٨ زایینی) لە بیارە کۆچی دوایی کردووەو لەپشت مەرقەدی شێخ عومەری ضیائەددینەوە ـ لەو شوێنەدا کە خۆی قەبری بۆخۆی تیا هەڵکەندبوو لە پێش مردنیەوە بەماوەیەك قورئانی بەسەردا ئەخوێند۔ بەخاك سپێردراوە."[٩٧]

چەند ڕیشسپییەکی بەتەمەنی شارۆچکەی بیارەو گوندی دزاوەر ـ کە تا کاتی نووسینی ئەم ژیاننامەیە لە ژیاندا ماون‌و تەمەنیان لە هەشتاکان بەرەو ژوورەو بەباشی مەلا بەهای بیارەیان دیوە۔ ئەم هەواڵی قەبرهەڵکەندنەیان بۆ پشتڕاست کردمەوە, وتیان: خۆمان دیومانەو ڕۆژانە دەچوین بۆ سەیرکردنی. قەدەری خوا وایە سێ کەس لەو بەتەمەنانە ناویان (ئەحمەد)ە: سۆفی ئەحمەدی دزاوەر، حاجی ئەحمەدی بیارە، حاجی ئەحمەدی نیشتەجێی سلێمانی، خوا عاقیبەت خێریان بکات.

---

٩٧ یادی مەردان، مەلا عبد الکریم مودەڕڕیس، ٢/٥٧٧ .

## کۆچی دوایی مامۆستا مەلا بەها

بەو جۆرە کە باس کرا مامۆستا مەلابەها پاش تەمەنێکی پڕخێرو بەرەکەت لە شارۆچکەی بیارەو لە ماڵەکەی خۆیدا کۆچی دوایی دەکاتو، لەو گۆڕەدا کە خۆی ئامادەی کردبوو بە خاك دەسپێردرێ.

بەپێی قسەی باوکی ڕەحمەتیم ـ کە ئەو کاتە (واتە ساڵی ١٩٤٨و ١٩٤٩ز) سەرباز بووەو لە لیوا بەناوبانگەکەی (عومەر عەلی)دا ـ لیوای (٥)ی سوپای عیراق ـ یەکێك بووە لەو (٨٢٢) سەربازە عیراقییەی کە بەشداریی جەنگی دژە جوولەکەیان کردووەو شاری (جەنین)ی فەلەستینیان لە دەستی جولەکە ڕزگار کردووە ـ بۆی گێڕامەوە، وتی: من سەرباز بووم لە لیوای عومەر عەلیو لە شاری جەنین بووم، کە لیواکە هاتەوە منیش گەڕامەوە، جا زانیم باوکم وەفاتی کردووە. من نەمبیستبوو، بەڵام وتیان لە(بیارە)شو لە گوندی (هانەگەرمڵە)ش تەعزیەیەکی گەورەیان بۆ داناوە، بۆ ئەوەی خزمانو مەلاو خەڵکی ناوچەی هەورامانی سنوری هەردوو دیوی عیراقو ئێران، بەبێ ئەرکو ماندووبوون لە پرسەکەیدا بەشدار بن.

وەك پێشتر وتمان مەلا بەها بۆ ئەوەی خزمو دۆستانی نەخاتە زەحمەتەوە، خۆی گۆڕێکی لە حەوشەی پشتەوەی مەرقەدی بیارە بۆخۆی هەڵکەندبوو، لەو شوێنەی کە ئەوکاتە کەوتبووە بەرامبەر حوجرەکەی خۆی، کە تێیدا وانەی بە فەقێکان دەگوتەوە. ئەو

حەوشەیە ئێستەش ماوەو کەوتۆتە پشتەوەی مەرقەدەکان بە ڕووی ماڵەکانی پشتەوەی خانەقای بیارەدا. شایانی باسە گۆڕەکەی هەڵنەبەستراوەو تا ئێستەش بەو سادەیی‌و ساکارییە سوننەتییەی جاران ماوەتەوەو تەنها دوو کێلە بەردەکەی خۆی لەسەرە. ئێمەی نەوەی مەلا بەهاش سوپاس بۆ خوا – بە پەیڕەویی لەو سوننەتەی کە مامۆستا مەلا بەهاو پێشینانی صالح لەسەری بوون– هیچ دەسکارییەکی گۆڕەکەمان نەکردووەو وەك خۆی هێشتوومانەتەوە.

مامۆستا مەلا کەریم دەربارەی نەخۆشکەوتن‌و وەفاتی مامۆستا مەلا بەها دەڵێت: "لە شەعبانی ١٣٦٨ك (دەکاتە حوزەیرانی ١٩٤٩ز) مامۆستا مەلا بەهادین نەخۆش کەوت، گیرۆدەی ئەم ناساغییە بوو، هەر لە حەیاتی خۆیا لە پشتی دیواری مەرقەدەوە لە موقابیلی حوجرەکەی خۆیا، لە حەوشە بچکۆلەی پشتی مەرقەدا، قەبری بۆ خۆی هەڵکەندو لە مانگی شەعباندا موتەوەففا بوو، رحمه الله وطاب ثراه."[٩٨]

٩٨ ڕۆژگاری ژیان، بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا کەریم، لا: ٢٠٠، لە لاپەڕە (٢٢٧) یش دووبارە باسی وەفاتی مەلا بەها دەکات. هەروەها لە لاپەڕە (٢٢٨) بە هەڵە نووسراوە لە (١٣٧٨ك) وەفاتی کرد، بەڵام دیارە هەڵەی قەڵەمە، چونکە خۆی چەندین جاری تر ساڵی (١٣٦٨ك)ی نووسیوە.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە مامۆستا مەلا کەریم وا دەردەخات کە وەفاتی مەلا بەهاو وەڕسبوونی شێخ لە هەندێك شتی نەخوازراو وای لێکردووە کە شارۆچکەی بیارە بەجێ بهێڵێت، ئەڵێت: "بەم ئەسبابەوە وەزعی منیشو وەزعی مەدرەسەش خراپ بوو، بڕیارم دا کە لە بیارە بگوێزمەوە، لە ڕەجەبی ١٣٧٠ك (١٩٥١ز) لە بیارە دەرچووم بەرەو هەڵەبجەو سلێمانی."[٩٩]

بەڵام دواتر لەزاری خەڵکی بیارەوە ئەوە زۆر دووبارە دەکرایەوە کە شێخ ناڕازی بووە لە هەندێ هەڵسوکەوتی کوڕەکانی مامۆستا مەلا کەریم، بۆیە شێخ داوای لە مامۆستا کردووە کە ئەگەر دەگونجێت، منداڵەکانی لە شارۆچکەی بیارە دەربکات، بەو هۆیەوە مامۆستا مەلا کەریم دڵی شکاوەو خۆیو ماڵو منداڵی ساڵی (١٩٥٠ز) بیارەیان بەجێهێشتووەو گواستوویانەتەوە بۆ شاری سلێمانی.[١٠٠]

بۆ مێژوو پێویستە لێرەدا ئەوەش بنووسم: لەو شوێنەدا کە گڵکۆی مەلا بەهای لێیە گۆڕی ژمارەیەك کەسایەتیی تری تێدایە، کە مامۆستا مەلا کەریم ناوی هەندێکیانی نووسیوە، لەوانە: محەممەد

---

٩٩ هەمان سەرچاوە، لا: ٣٢٩.

١٠٠ چەند جارێك ئەم باسەم لە مامم ـ مامۆستا مەلا محەمەدی خورماڵ ـ و باوکم بیستووە. برای بەڕێزم (د. ئاراس حەمەصالح)یش لە نیسانی (٢٠١٦ز) دا ـ لە زاری بەڕێز حەمەی مەلا کەریمەوە ـ هەمان زانیاریی بۆ پشتڕاست کردمەوە.

صالح بەگی عەزیز بەگی بارام بەگو شێخ عەبدولقادری کوڕی باباشێخی سیریێ، کە زاوای مەڕحوم شێخی عەلادین بوو.[١٠١]

---

١٠١ بڕوانە: هەمان سەرچاوە، لا: ١٦٩.



زانست

## منداڵ و نەوەکانی مامۆستا مەلا بەها

مەلابەهای بیارە نۆ منداڵی هەبوون، حەوتیان کوڕ بوونو دوانیان کچ. پێنج لە کوڕەکانی پێش ژنهێنان وەفاتیان کردووە. گەورەکەیان کە ئەحمەدی ناو بووە فەقێیەتی تەواو کردووەو، ـ وەك باسمان کرد ـ خۆی ساز کردووە بۆ ئاهەنگی وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتیو بۆ ژنهێنان، بەڵام لەو کاتەدا وەفاتی کردووە. بەڵام ئەو کوڕانەی کە نەوەیان لێکەوتۆتەوەو بوونەتە خاوەنی ژنو منداڵ ئەم دوو کەسەن:

یەکەمیان: محەممەد، کە بە مامۆستا مەلا محەممەدی خورماڵ ناسراوەو لای مامۆستا مەلاباباڕەسول ئیجازەی زانستیی وەرگرتووە، مامۆستا مەلا کەریم دەڵێت: " لەزستانی ١٣٥٥ك (١٩٣٦ز) مەلا محەممەدی مامۆستا بەهادین لەخزمەتی (شێخ باباڕەسول)دا هاتن بۆ بیارە، بۆئەوە کە لە بیارە ئیجازەی پێ بدات. لەبەرئەوە کە ئەمانویست مەلا محەممەد ببێ بە مەلای دێی بیارە، هەموو ڕۆیشتین بۆ مزگەوتی بیارە، لە پاش عەسر لە یەك مەجلیسدا لە مزگەوت شێخ باباڕەسول ئیجازەی مەلا محەممەدی خوێندەوە."[١٠٢]

مامۆستا مەلا محەممەد ساڵی ١٩٨٤ زاینی لە هەڵەبجە وەفاتی کرد. (١٠) منداڵی هەبووەو کوڕێكو دوو کچیشی پێش هاوسەرگیری

---

١٠٢ ڕۆژگاری ژیان، بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا کەریم، لا: ١٩٢ .

کۆچی دواییان کردووە، بەڵام ئەو کوڕانەی کە بوونەتە خاوەنی ژن‌و منداڵ ئەمانەن:

١- مامۆستا حوسەین: کە خاوەنی شەش منداڵە، کوڕەکانی: فاروق‌و عادل‌و موحسین‌و هێمن. کچەکانی: تابان‌و بەیان، کە هەموویان کەسی خوێندەوارو بە خزمەتن‌و لەسەرماڵی خۆیانن.

٢- مامۆستا عەلی: کە لە شاری سلێمانی وتارخوێنی مزگەوتی ئیسکان (عومەری کوڕی خەتتاب) بوو، یەکێك بوو لە بانگخوازە ناسراوو بەخزمەتەکانی شاری سلێمانی. ساڵی (١٩٨٢ز) وەفاتی کردو، خاوەنی چوار منداڵە. کوڕەکانی: عومەرو عەممارو مەودود (ناسراو بە عەدنان). کچەکەشی: شەیدا، کە هەموو هاوسەردارن‌و کەسی ئاینپەروەرو خوێندەوارو مامۆستای زانکۆو بەتواناو بە خزمەتن.

٣- مامۆستا صلاح الدین: (کەسایەتی ناسراوو ئەمینداری گشتیی یەکەمی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان),خاوەنی حەوت منداڵە. کوڕەکانی: ئوسامەو ئەییوب. کچەکانی: نوسەیبەو زەینەب‌و پەیام‌و مەعالیم‌و ئیستیشهاد. سوپاس بۆخوا هەموویان صالح‌و خوێندەوارو بەخزمەتن.

٤- سوعدا خانم: کچە گەورەی مامۆستا مەلا محەممەد، کە ٦ منداڵی هەن. کوڕەکانی: ئەسعەدو ئەمجەدو ماجیدو بیلال. کچەکانی:

سومەییەو ئومەیمە، کە خاوەن هاوسەرن‌و کەسانی صاڵح‌و بە خزمەتن.

٥- فەوزیە خانم: کە ٤ منداڵی ماون، کوڕەکانی: یەحیاو دانا، کچەکانی: ئەسماو خەنسا. ئەوانیش خاوەن هاوسەرن‌و لەسەر هەمان ڕێبازن.

٦و ٧ - حەمیدە خانم‌و پاکیزە خانم: کە هەردوکیان بێ هاوسەرن‌و لە ماڵی خۆیاندان.

کوڕی دووەمی مەلا بەها: (عبد العزیز)ە، کە بە مەلا عەزیز ناسراوەو ساڵی ١٩٩٧ زاینی لە شاری سلێمانی وەفاتی کرد، (باوکی نووسەری ئەم کتێبە)، منداڵەکانی بریتین لە:

١- عومەر، کە بە عمر عبد العزیز ناسراوە (نووسەری ئەم بەرهەمە). خاوەنی سێ منداڵە، کوڕەکەی: موحەممەدو کچەکانی: بوشراو هانا.

٢- مظفر، کە شەش منداڵی هەن، کوڕەکانی: پشتیوان‌و ئەحمەد، کچەکانی: هوداو شەیماو چراو شنیا.

٣- صدیق، کە پێنج منداڵی هەن، کوڕەکانی: لهۆن‌و محەممەد، کچەکانی: سارەو سەناو مەروە.

٤- خەدیجە، کە لە ساڵی (٢٠١١ز)دا کۆچی دوایی کردو پێنج منداڵی لە پاش بەجێ ماون. کوڕەکانی: پێشەواو پێشین. کچەکانی: بەهرەو هەوارو بەفرین.

٥- زەهرە، شەش منداڵی هەن. کوڕەکانی: محەممەدو یادو ئارا.
کچەکانی: هاناو چاوان‌و یاران.

شایانی باسە ئەم نەوانەی مەلا بەها (سوپاس بۆ خوا) تا ڕادەیەکی زۆر توانیویانە پێڕەویی لە باپیرە گەورەیان بکەن‌و ڕێبازی ئایینەکەیان بەر نەدەن‌و شانازیی بە زانست‌و دینداریی‌و ڕەوشتی ئەو ئەسڵەیانەوە بکەن. بۆیە هەموویان خوێندەوارن‌و پابەندن بە ئایین‌و ڕەوشتی باوو باپیریانەوە.

زانست

زانست

# کۆتایی

له کۆتاییدا ماوه‌ته‌وه ئه‌وه بڵێم: که باپیرمان (مامۆستا مه‌لا به‌ها)ی ڕه‌حمه‌تی، پیاوێکی زاهیدو قانیعو بێ ته‌ماع بووه. له وتنی حه‌ق نه‌ترساوه، مه‌رایی بۆ که‌س نه‌کردووه. خزمه‌تێکی زۆری بیاره‌و خانه‌قاو خه‌ڵکه‌که‌و به‌گشتی هه‌ورامان‌و شاره‌زووری کردووه. جێی متمانه‌ی شێخه‌کان بووه، ئیرشادێکی بێ ده‌نگی بێ هه‌ڵلای کردووه‌و، له‌و پێناوه‌دا به ناوچه جیاجیاکاندا گه‌ڕاوه. زۆر ئه‌هلی زیکرو تاعه‌ت‌و عیباده‌ت بووه، زۆر ڕێزی له ئافره‌ت‌و منداڵ گرتووه، په‌روه‌رده‌ی عه‌مه‌لیی کردوون.

هه‌ر له‌و سه‌رده‌مه‌ی خۆیدا ناوبانگی صاڵحی‌و خواناسیی بڵاو بۆته‌وه، بۆیه کاتێ چه‌ند که‌سایه‌تییه‌کی تورك دێنه بیاره، وێنه‌یه‌کی ئه‌گرن‌و، دواتر که له تورکیا ده‌یشۆنه‌وه به دیاری نموونه‌یه‌کی بۆ ده‌نێرنه‌وه، که ئه‌وه کارێکی زۆر ده‌گمه‌ن بووه له‌و سه‌رده‌مه‌دا. ئه‌و وێنه‌یه‌یه که له‌گه‌ڵ ئه‌م ژیاننامه‌یه‌دا هاتووه. ئه‌مه بۆ ئه‌و کاته که نێوانی سالآنی (١٩٤٠ بۆ ١٩٤٥ز) بووه –واته ٧٠ ساڵ له‌مه‌و پێش، تا کاتی نوسینی ئه‌م بابه‌ته– ڕوداوێکی ئاسان‌و ئاسایی نه‌بووه، به‌ڵگه‌ی ڕێزو ناوبانگ‌و که‌سایه‌تیی ئه‌و پیاوه بووه لای خه‌ڵکانی نزیك‌و دوور.

ئەم بەرهەمەش کە لەبەردەستی خوێنەری بەڕێزدایە ئەو ڕادەیە بوو کە لە توانای بەندەدا بوو سەبارەت بەو زانا گەورەو ناودارە ئامادەی بکەم. دڵنیام نەمتوانیوە هەقی خۆی بدەمێ، وەك هەقی جێبەجێ نەکراوی چەندین زانای تری کوردستان، بۆیە دەکرێ خوێنەرانی بەڕێز – بە تایبەتی زانایان و دۆستانی ئاشنا بە ژیانی مامۆستا مەلا بەهاو زانایانی تر، بەتایبەتی تر کەس‌وکارو نزیکانی بنەماڵەکەی‌و ئەوانەی دیویانەو لێی بەهرەمەند بوون– ئەم بەرهەمە بە دەروازەیەك بزانن‌و هەر زانیارییەکی دی شك دەبەن بینێرن بۆ ئەو ئادرەسە ئەلیکترۆنییەی نووسەر کە لە کۆتایی ئەم بابەتەدا هاتووە، بۆ ئەوەی لە چاپەکانی داهاتوودا ڕەچاو بکرێ.

خوای گەورە لە مامۆستا مەلا بەهاو هەموو موسڵمانانی پێڕەوی ڕێگای خواناسیی‌و خزمەت‌و زانست، خۆش ببێ‌و تەوفیقی نەوەکانی بدا کە ڕێبازو شوێنەواری بەر نەدەن.

ﱡﭐ لخ لم لى لي □ □ □ □ □ □ □ □ □ □ نم نى □ □ □ □ □ □ □
□ □ ﱠ الحشر: ١٠

عمر عبد العزيز بهاءالدين

سلێمانی، گەڕەکی کازیوەی بناری گۆیژە،

سەرەتای ٢٠١٧ ز

# بەشی

# وێنەو بەڵگەنامەکان



تاكە وێنەی مامۆستا مەلا بەهای بیارە

لە نێوان سالانی ( ١٩٤٠ بۆ ١٩٤٤ ز ) بە كامیرای توركەكان گیراوە





**دوو وێنەی مەرحومی مامۆستا مەلا محەممەدی خورماڵ**

**کوڕی مامۆستا مەلا بەها**





**مەرحومی مەلا عەزیزی کوڕی مەلا بەها (باوکی نووسەر) لەگەڵ**

**مامۆستا صلاح الدین محمد بهاء الدین (بەهاری ١٩٩٧ ز)**



وێنەی مەرحومی مەلا عەزیزی مەلا بەها لەگەڵ عومەری کوڕی
( نووسەری ئەم کتێبە )، ساڵی ١٩٦١ز لە سلێمانی گیراوە



**دیمەنێك لە گوندی شارۆچکەی بیارەو خانەقاکەی**
**کە مەلا بەها پەنجا ساڵ پێشنوێژو مودەڕڕیسی مەدرەسەکەو**
**سەرحەلقەی زیکری بووە.**



**دیمەنێك لە سەردەمی هاوچەرخی فەقێیانی ( بیارە )**
**لە حەوشەی خانەقادا**



**گوندی ( دزاوەر )**

**زێدی باوبا پیرانی مەلا بەها پێش شەڕی عیراق و ئێرا ن و کاولبوونی.**

**ساڵی گرتنی وێنەکە نەزانراوە. ( لە سایتی ( زاوەر ) وەرگیراوە )**



**گوندی ( دزاوەر ) پاش ئاوەدانبونەوەی**



جێی ماڵی زێدی مەلا بەها لە گوندی دزاوەر،

کە سەرلەنوێ دروست کراوەتەوە



**دیمەنێکی نوێی گوندی دزاوەر**



**سەرچاوەی ( هەسارە گولانیٚ )**

**لە سەیرانگای ( هامنۆ ) پشت گوندی دزاوەر**

**زۆرجار هاوینان مەلا بەها لەگەڵ چەند فەقێیەك لەوێ ماوەتەوە.**



**دیمەنێك لە کوێستانی ( گمەو دالآنی ) و ( هاوینەهەواری هامنۆ )**
**لە کەژەکانی پشت گوندی ( دزاوەر ) هاوینان مەلا بەها سەری لێداوەتەوە**





باخی ( کەمەرە سیاو )،  پشت گوندی ( دزاوەر )




**وێنەی ناو مزگەوتی دزاوەر ( پاش ئاوەدانبوونەوەی )**

**ئەو مزگەوتەی مەلا بەها سالآنێك پێشنوێژو وتاربێژی بووە**

**( فۆتۆی نووسەر، ساڵی ٢٠١٠ )**



دیمەنێك لە بەفری کێوەکانی پشتی ( دزاوەر ) لە کۆتایی بەهاردا
بە فۆتۆی کاك هیوا ڕاشدی دزاوەری ( خاوەنی وێنەکە )





**چەند دیمەنێك لە شاری ( پاوە )**

**خۆرهەلاتی هەورامان**




**مامۆستاو قوتابیانی گوندی ( دزاوەر )**

**پێش کاولکردنی گوندەکە**



**نموونەیەك لە خەتی مەلا بەها**

**کتێبێکی وەقف کردووە بۆ ئەهلی زانست**

**بە خەتی  مەلا مەحمودی بایپچوبی نووسراوەتەوە**



**نموونەیەك لە خەتی مەلا بەها**

**کە وەقفی کتێبێکی کردووە بۆ قوتابیانی زانست ( فەقێکان )**

**لەسەر زۆربەی کتێبەکانی ئەم عیبارەتەی نووسیوە**



**نموونەیەك لە خەتی مەلا بەهای بیارە**

**کە تیایدا نەسەبی شێخ عومەری کوڕی شێخ عوسمانی سیراجەددینی تا هەشت پشت نووسیوەو دەڵێت: لە شێخ سیراجەددینی وەرگرتووە، لە پەراوێزی ( فرائض ) دا نووسیویەتی**



**نموونە خەتێکی مەلا بەها لەسەر بەرگی کتێبێکی بە فارسی نووسیویەتی: "ئەم کتێبە هی بەندەی هەژارە، لە سەفەری سێیەمی دار السلام (بەغداد) لە ساڵی ١٣٣٧ (١٩١٦ز) هێنام". ئەمە بەڵگەیە کە مەلا بەها بەلای کەمەوە سێ جار سەفەری بەغدای کردووە.**



**نموونەیەك لە كتێبە دەستنووسەكانی**

**كتێبخانەی مەلا بەهای بیارە**



**نموونەی دەستنووسێکی کتێبخانەی مەلا بەها**
**کە قوتابییەکی بە ناوی ( غولام نجم الدین )**
**کتێبەکەی بۆ نووسیوەتەوە**



**نموونەی فەتوایەك**

**كە واژۆی مەلا عەبدولكەریم و مەلا بەهای لەسەرە**




**نموونەی خەت و مۆری مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا بەها**
**بەسەر کتێبێکەوەیە کە لە تورکیاوە هاتووە**
**ناوبراو بە گەنجی لە (١٩٣٠ ز) وەفاتی کردووە**



**شەجەرەی نۆ پشتی مەلا بەها**
**بە خەتی خۆی ساڵی ( ١٣٣٦ ك / ١٩١٨ ز ) لە کۆتایی کتێبێکیدا**
**بەناوی ( بغية المسترشدين ) نووسیویەتی**



**نموونەی دوو فتوای مامۆستا مەلا بەها**

**لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ( نەزرو وەصیەت )**



لادری

گوینده شعر یاران دل صد رنگ «تحت عنوان «لادری»
که قاسم بن احمد در اورسی در سنه (١١١٣) هجری قمری از روی نسخه
اصلی مادروانی نوشته. ظاهراً از شاعران متقدم و پیشین قرن ده
و یازده قمری است و جز این پنج بیت بر طول طبع گوینده آن دلالت
دارد.

بعید بنظر میرسد تخلص سراینده این ابیات «لادری» باشد
ولی آنچه مسلم است قاسم بن احمد نیز نام او را ندانسته و تحت
عنوان «لادری» یعنی نمیدانم از کیست از او یاد کرده است.

«یاران»

یاران دل صد رنگ ... لی الصد پاره هر پاره صد رنگ
هر رنگی چون زام صد خدنگ هر زامی صد گل چون گجوای رنگ
هر گلی صد جوی خون [illegible] هر جوی صد گشت خم میش [illegible]
هر گشتی صد شخص ستم رسیده هر شخصی صد سال هجران کشیده
برگ قطرانی پوش چول مسکن و دم فناعت بکشت خم غرض من و دم

یعقوب بگ

**لاپەڕەیەك لە كەشكۆڵێكی مەلا قاسم باپیرەی شەشەمی مەلا بەها**

**ساڵی (١٧٧١ز) محی الدین صالحی لە كتێبی (یاران ورین)**

**بڵاوی كردووەتەوە**



**نموونەیەك لە خەتی مامۆستا مەلا بەها لەسەر كتێبێك بەناوی**

**( ریاض الجنة ) ی یوسف النبهاني سالّی ١٣٥٧ ( ١٩٣٩ز)**



**گۆڕی ماموستا مەلا بەها ی بیارە**

**لە پشت حوجرەی گۆڕی شێخانی هەورامان**

**لە شارۆچکەی بیارە سەر بە پارێزگای هەڵەبجە**

**( فۆتۆی نووسەر )**

زانست